Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.22090315

# تیۆری حەتمیەتی تەکنەلۆجیا و ئەو ڕەخنانەی ڕووبەڕووی گریمانەکانی کراونەتەوە

ئاشتی حەمەصالح حسین

بەشی ڕاگەیاندن// کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان//زانکۆی سلێمانی

*Article Info*

Received: April, 2022
Accepted : June ,2022
Published :September ,2022

*Keywords*

تیۆر ـ حەتمیەت – تەکنەلۆجیا ، ڕەخنە

*Corresponding Author*

ashti.salah@univsul.edu.iq

پوختە

تیۆری (حەتمیەتی تەکنەلۆجیا) کە زیاتر لە پێنج دەیەیە لەلایەن (مارشاڵ ماکلۆهان) نەوە تەرحکراوە یەکێکە لەو تیۆرانەی کە ناوبانگێکی گەورەی هەبووە و هەتا ئیستاش جێی مشتومڕو بایەخی توێژەرانی بواری ڕاگەیاندن و کۆمیونیکەیشنە . (ماکلۆهان) باوەڕی وابووە کە (پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و کۆمیونیکەیشن درێژکراوەی هەستەوەرەکانی مرۆڤن و ئامرازاەکان بۆ خۆیان پەیامن ، لەهەمان کاتیشدا ئامرازەکان سارد و گەرمن، و بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاوە جیهان دەبێتە گوندێک )، لەبەر ئەوە ناکرێت ناوەرۆکی میدیایی بەشێوەیەکی جودا و دوور لە تەکنەلۆجیای ڕاگەیاندن و ئەو جەماوەرەی کە پەیامە میدیاییەکە وەردەگرێت باسی لێوە بکرێت. بە بۆچوونی ئەو ئامرازە میدیاییەکان کاریگەریان لەسەر جەماوەر زیاترە هەتا ناوەرۆکە میدیاییەکە. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە خستنەڕووی ناوەرۆک و هەلو مەرجی تیۆری حەتمییەتی تەکنەلۆجیا و شیکردنەوەی گریمانەکانی ، هاوکات ئەو ڕەخنانەی لەلایەن بیرمەندان و توێژەرانەوە ڕووبەڕووی تیۆرەکە کراونەتەوە. لەم توێژینەوەیەدا توێژەر هەوڵ دەدات وەڵامی پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە بداتەوە کە بریتییە لە: تاچەند بیرمەندان و توێژەرانی بوارەکە کۆکن لەسەر گریمانەکانی حەتمییەتی تەکنەلۆجیا، ئەو ڕەخنانە چین کە ڕووبەڕووی کراونەتەوە ؟

## پێشەکی

کۆتایی سەدەی بیست و سەرەتای سەدەی بیستویەک وەرچەرخانێکی مێژووی چاوەڕوان نەکراو بوو بۆ پێشکەوتنی تەکنەلۆجیای ڕاگەیاندن و بەهەموو جۆرێک هەڕەشەی بۆ ئامرازە باوەکان (تەقلیدییەکان)دروستکرد، (ماکلۆهان) کە یەکێکە لە بەناوبانگترین ڕۆشنبیرەکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم پێشبینی کاریگەری و پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا کردوە ، ئەو پێی وابووە کە پێشکەوتنی ئامرازەکانی گەیاندن و ڕاگەیاندن درێژکراوەی هەستەوەرەکانی مرۆڤن و ئامرازاەکان بۆ خۆیان پەیامن و پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاش جیهان دەکاتە گوندێک. (

لەڕاستیدا شۆڕشی (تەکنەلۆجیا ) هێز و کاریگەریی و لێکەوتەکانی لەسەروو ئەو گۆڕانکارییانەوە بوون کە لە مێژووی پێشکەوتنی مرۆڤایەتیدا ڕوویانداوە ئەم پێشکەوتنانە ئەوەندە خێراو بەهێز بوون ڕووپەری ڕاگەیاندنەکانیان پڕکردبوویەوە، لەسەرەتادا تەنها باسی ئەو دەستکەوتانە دەکرا کە بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاوە بەدەست هاتوون، دواتر گەیشتە ئەو دۆخەی کە باوەڕکردن بەو گۆڕانە گەورەیە ئەستەم بووە، چونکە لەماوەیەکی زۆر کورتدا هێندە بەرهەمی زانستی و مەعریفی و ڕۆشنبیری زیادی کرد وەک لێشاوی زانیاری باسی لێوە دەکرا و بەدوواداچوونی کارێکی ئاسان نەبوو .

لەم توێژینەوەدا توێژەر دەیەوێت شیکردنەوەیەک بۆ ناوەڕۆکی تیۆری (حەتمیەتی تەکنەلۆجیا) و گریمانەکانی و ئەو ڕەخنانەی ڕوو ڕووبەڕووی تیۆرەکە کراوەتەوە (بەپێی ئەو سەرچاوانەی بەردەستن) بخاتە ڕوو . ئەم توێژینەوەیە تیۆرییە و لەچوار بەش پێک هاتووە: بەشی یەکەم باس لە چوارچێوەی توێژینەوەکە دەکات، بەشی دووەم تیۆری حەتمییەتی تەکنەلۆجیا، بەشی سێیەم باس لە گریمانەکانی تیۆری حەتمییەتی تەکنەلۆجیا، بەشی چوارەم باس لەو ڕەخنانە دەکات کە ڕووبەڕووی تیۆری حەتمییەتی تەکنەلۆجیا کراوەتەوە، هاوکات بەشی چوارەم بریتییە لە گفتوگۆ و شیکردنەوەیەک بۆ دەرئەنجامی توێژینەوەکە.

توێژینەوەکە بەشێوەی تیۆری ئەنجام دراوە و توێژە بەچەندین ئامانج گەیشتووە لەوانە :

بۆچوونەکەی ماکلۆهان لەبارەی ئەوەی کە داهێنانە تەکنەلۆجییە گرنگەکان کاریگەری بنەڕەتی لەسەر کۆمەڵگەکان دادەنێن، بەهەمان شێوە تیۆرەکە هاوڕایە لەگەڵ ئەو دیمەنانەی لە دۆخی ئەمڕۆدا دەبینرێت .

وادەردەکەوێت کە تیۆرەکەی ماکلۆهان بایەخی یەکەمی بە جۆری ئامرازەکانی گەیاندن داوە ، کە مەترسی ئەو ئامرازانانە لە سەدەی نوێدا پەرەدەسەنێت، بەجۆرێک دەتوانێت شوێن هەموو دۆخەکان بکەوێت و دەستبەسەر هەموو ژیانی مرۆڤدا بگرێت، بەجۆرێک لەئەمرۆدا پەیام بووەتە بەخسیری ناوەندە میدیاییەکان کە بچوکی دەکەنەوە و گەورەی دەکەن هەرچۆنێک بیانەوێت

مارشاڵ ماکلۆهان ئامرازەکانی دابەش کردووە بەسەر (سارد و گەرم)دا بەڵام لەڕاستیدا بابەتی جیاکردنەوە و ناساندنی ئامرازی (گەرم و سارد) لەمرۆدا و لە سایەی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیای ڕاگەیاندندا کارێکی ئاسان نییە ، لە هەندێک ئامرازدا (سارد و گەرم ) پێچەوانە بوەتەوە (لەبەشی دووەمدا باس کراوە).

بەگشتی: بایەخدان بە قۆناغەکانی پێشکەوتن و گەشەکردنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی کە (ماکلۆهان) باوەری وابووە (سروشتی ئامرازەکانی گەیاندن لەهەموو قۆناغەکاندا زیاتر کاریگەریان هەبووە هەتا ناوەرۆکی پەیامەکان)، بەمەش ئامرازەاکانی گەیاندن کاریگەری حەتمییان لەسەر پێکهاتە و بونیادی ڕۆشنبیری کۆمەڵگە درووستکردووە، گرنگە بایەخی پێویستی پێ بدرێت ، بەتایبەتی کە لەئێستادا ئەم گۆڕانکارییە خێرایانەی بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاوە بەسەر شێواز و جۆری بەکارهێنانی ئامرازەکانی گەیاندندا هاتووە بەشێوەیەکی حەتمی کاریگەریان لەسەر پێکهاتە و بونیادی ڕۆشنبیری کۆمەڵگە و ئاستی بیرکردنەوەی خەڵکدا هێناوە، بەجۆرێک ئاستی پێشبینییەکانی تێپەڕاندووە .

## بەشی یەکەم

### چوارچێوەی توێژینەوەکە

### یەکەم : کێشەی توێژینەوەکە

کێشەی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە هەرچەندە تیۆری حەتمییەنی تەکنەلۆجیا خاوەنی بنچینە و بنەمایەکی مێژووی زۆر بایەخدارە ، بەڵام لەسەرەتای دەرکەوتنییەوە هەتا ئێستاش، بۆچوون و گریمانەکانی ئەم تیۆرە جێی بایەخ و مشتومڕی بیرمەندان و توێژەرانی بوارەکە بووە ، لەم توێژینەوەیەدا توێژەر هەوڵ دەدات ئەم تیۆرە بەشێوەیەکی زانستی بخاتە ڕوو هەروەها بەدوای ئەو ڕەخنانەدا دەگەڕێت کە لەلایەن توێژەران و بیرمەندانەوە ئاراستەی گریمانەکانی تیۆرەکە کراونەتەوە ، هاوکات هەوڵی دۆزینەوەی خاڵی ناکۆکی و هاوڕابوونی توێژەران و بیرمەندان بۆ تیۆرەکە دەدات . هاوکات پرسیاری سەرەکی توێژینەوەیەکە بریتییە لە :

تاچەند بیرمەندان و توێژەراندنی بوارەکە کۆکن لەسەر گریمانەکانی (حەتمییەتی تەکنەلۆجیا)؟.

ئەو ڕەخنانە چین کە ڕووبەڕووی گریمانەکانی (حەتمییەتی تەکنەلۆجیا) کراونەتەوە ؟.

### دووەم: ئامانجی توێژینەوە

خستنەڕووی ناوەرۆک و هەل و مەرجی تیۆری حەتمییەتی تەکنەلۆجیا بەشێوەیەکی زانستی

شیکردنەوەی گریمانەکانی حەتمییەتی تەکنەلۆجیا بەوەی کە هەتا ئێستاش جێی بایەخ و مشتومڕی توێژەرانی بواری میدیا و کۆمیونیکەیشنە .

خستنەڕووی ئەو ڕەخنانە و تێبینیانەی لەلایەن بیرمەندان و توێژەرانەوە ڕووبەڕووی تیۆری حەتمییەتی تەکنەلۆجیا کراونەتەوە .

### سێیەم: بایەخی توێژینەوەکە

بایەخی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە لەئەمڕۆدا بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاوە ژیان بەرەو گۆڕانکارییەکی ئیجگار گەورە هەنگاوی ناوە ، هاوکات تیۆرەکانی میدیاو کۆمیونیکەیشن زۆرجار پێشبینی ئەو گۆڕانکاریانەیان پێشوەختە و لەڕێی گریمانەکانیانەوە خستۆتەڕوو، بایەخی ئەم توێژینەوەش لەوەدایە کە تیۆری حەتمییەتی تەکنەلۆجیا

لەئێستادا و لەسایەی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیادا بەرادەیەکی زۆر بووەتەجێگای بایەخ و مشتومری توێژەرانی بوارەکە . لەبەر ئەوە توێژەر بە گرنگی دەزانێت بەشێوەیەکی تیۆری و زانستی بارودۆخی تیۆری حەتمییەتی تەکنەلۆجیا و گریمانەکانی هەروەها ئەو رەخنانەی رووبەرووی کراونەتەوە ، بخاتە بەر باس و توێژینەوە ، بەمەبەستی ئاگاداربوون لە بایەخی ئەم تیۆرە کە پێش زیاتر لە نیوسەدە لەلایەن بیرمەندی کەنەدی (مارشاڵ ماکلۆهان)ەوە کاریگەرییەکانی خراوەتە ڕوو.

هاوکات بەلای (توێژەر) ەوە گرنگە بایەخ بە شیکردنەوەی ئەو رەخنانە بدرێت کە رووبەرووی تیۆری حەتمییەتی تەکنەلۆجیا کراوەتەوە بۆ ئەوەی خوێنەری کورد زیاتر بەم تیۆرە ئاشنا بێن ، هاوکات توێژەر دەرکی بەوەکردووە کە توێژینەوە دەربارەی تیۆرەکان بەگشتی و تیۆری (حەتمییەتی تەکنەلۆجیا) لەئاستی پێویستتدا نین ، لەم توێژینەوەیەدا توێژەر دەیەوێت مشتێک بخاتە سەر خەرمانی توێژینەوەی زانستی لەسەر تیۆرە میدیاییەکان بەزمانی کوردی ، بەدیاریکراویش (تیۆری حەتمییەتی تەکنەلۆجیا) . بێگومان ئەم هەوڵانەش سوودی بۆ خوێنەر و توێژەرانی کورد دەبێت.

**چوارەم: میتۆدی توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە بە شێوازی تیۆریی ئەنجام دەدرێت بۆ خستنەڕووی ناوەرۆکی تیۆری (حەتمییەتی تەکنەلۆجیا) و ئەو ئەو رەخنانەی رووبەڕووی تیۆرەکە کراوەتەوە . لەبەر ئەوە لەم جۆرە توێژینەوانەدا توێژەر پەنا بۆ ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری (ڕاپرسی و چاوپێکەوتن و تێبینی و ..) نابات ، بەڵکو پشت بە تێڕوانینە تیۆرییەکان و بەڵگەی ژێری لێکدانەوەکان ، دەبەستێت . هاوکات لەم توێژینەوانەدا (توێژەر) بۆ کۆکردنەوەی زانیاری هەوڵ دەدات سوود لە هەموو ئەو سەرچاوانە (کتێب ، توێژینەوەی زانستی ، وتار .. هتد) وەربگرێت کەلەسەر بابەتی توێژینەوەکەی ئەنجامدراون و نووسراون و بڵاوکراونەتەوە .

**پێنجەم: پێناسەی چەمکەکان**

تیۆر: بریتییە لە پرسێک کە بە بەڵگە جێگیر بکرێت، هاوکات تیۆر لە رووی فەلسەفییەوە بریتییە کۆمەڵێک بیروایە یەکتر تەفسیر دەکەن. بەجۆرێکی تر، تیۆر بیروڕا یان ئیجتیهادێکە زانایەک پەی پێ دەبات و لەڕێی بەڵگەوە دەیچەسپێنێت (معجم عربي عربي، تعريف و معنى "النظرية"). لەلایەکی ترەوە (ابن منظور) لە (لسان العرب) پێناسەی تیۆری کردووە کە بریتییە لە ڕێکخستنی چەند شتێکی زانراو لە دۆخێکەوە کە نەزانراوە بۆ دۆخێکی زانراو (منال هلال مزاهرة ، ٢٠١٢م ،ص ١٦٢) .

سەبارەت بە ئەو تیۆرانەی لەسەر میدیا و کۆمیونیکەیشن نووسراون هەر لەسەرەتای دروستبوونییەوە هەتا ئێستاش بایەخێکی گەورەیان هەبووە لە لای مرۆڤ چونکە لەو ڕێگەیەوە توانیویەتی لەگەڵ دەوروبەریدا ئاوێتە ببێت و تەعبیر لە بیروبۆچوون و هەستەکانی، هەروەها ئاین و ئازادی و کەلتوری خۆی بکات ، لەبەر ئەوە ئەم جۆرە چالاکیانە زیاد لەچالاکییەکانی تر ملکەچ کراون بۆ ئەو پێوەر و فشارە یاساییانەی کەهەموویان لەدەوری پرسێکی سەرەکی کۆدەبنەوە ئەویش "باس لە سروشتی گەیاندن و پەیوەندیەکانی نێوان راگەیاندن و ئاکار و تەواوی لایەنەکانی تری پەیوەست بەژیانی مرۆڤایەتییەوە دەکەن" (عبدالرزاق الدليمي، ٢٠١٦م ، ص٥ ). سەرەچاوەکان باس لەوە دەکەن کە فەیلەسوف (ئەرەستۆ) یەکەم کەس بووە تیۆری دیاردەی (کۆمیونیکەیشن)ی نووسیوە و دواتر بە تیۆری (گوتار) ناسراوە و هەتا ئێستاش بەکارە، بەڵام پاش پەیدابوون و بڵاو بوونەوەی ئامرازەکانی (کۆمیونیکەیشن) مرۆڤ هەستی بەوە کرد کە پێویستی بە توێژینەوە هەیە دەربارەی کرداری (کۆمیونیکەیشن) ئەوەش لەچەندیدن بواردا خۆی دەبینییەوە لەوانە : کۆمیونیکەیشنی نیوان مامۆستا و خوێندکار لەپۆلدا، کۆمیونیکەیشنی نێنوان دایک و باوک لەگەڵ مناڵەکانیان، کۆمیونیکەیشنی نێوان وتاربێژێک لەگەڵ وەرگرەکانیدا، کۆمیونیکەیشنی نێوان کەناڵێک لەگەڵ جەماوەرەکەیدا .هتد، بەهەمان شێوە کۆمیونیکەیشنی نێوان دەوڵەت و هاوڵاتی، کە ئەمانەش بریتین لە ناردنی زانیاری و وەرگرتنەوەی فیدباک لەلایەن وەرگرانەوە ، لەسەر ئەم بنەمایە بەشێوەیەکی گشتی کرداری کۆمیونیکەیشن کراوە بە چەند بەشێکەوە لەسەر هەریەک لەبەشەکان کۆمەڵێک تیۆر هەیە کە باس لە شێوازی کارکردنی تیۆرەکە دەکەن و پێیان دەوترێت تیۆرەکانی کۆمیونیکەیشن (عبدالرزاق الدليمي، ٢٠١٦، ص٢١ ) .

حەتمییەت: لەدوای سەدەی نۆزدەوە هەموو ئەو کەتیۆرانەی کە گۆڕان بۆ زانستێکی سەربەخۆ بەناوی (الحتمية) ناونرانوون، واتە کاتێک هەست بەشتێک ناکەیت هەتا بوونی نەبێت (رندا بوسعيد ، ٢٠١٧م ، ص٤٠ )، مەبەست لە حەتمییەتیش ئەوەیە:"ئیعتبار بۆ گۆڕاوێک دابنرێت کە بزوێنەری سەرەکی یان هۆکاری گۆڕانی سەرەکی بێت بۆ تێگەیشتن یان شیکردنەوەی هەر دیاردەیەک" " (بوعلي نصير، ٢٠١٤ ، ص ٨٩.) .. بەکوتی (حەتمییەت) بریتییە لە شیکردنەوە لەسەر هەر بۆچوونێک کە بوونیاد دەنرێت ، واتە: "دیاردەیەک دەردەکەوێت لە دەرئەنجامی کاریگەری تەنها گۆڕاوێکدا، بۆنمونە خاوەنی حەتمیەتی ئەخلاقی وەک (سوقرات و دیکارت) دەڵێن : مرۆڤ هەمیشە باشترینەکان بژاردە دەکات ، چونکە لەسەر فیترەتی باشە دروستبووە، هەرگیز شتی خراپ ئەنجام نادا مەگەر بەنەزانی بێت"(رندا بوسعيد ، ٢٠١٧م ، ص٤١ ) .

تەکنەلۆجیا: تەکنەلۆجیا بەچەندین جۆر پێناسە کراوە، لەوانە: " (تەکنەلۆجیا) لاتینی/یۆنانییە، وشەی (تەکن/تقن/تەکنە) بەواتای هونەر دێت، (logia) ش هەر یۆنانییە بەڵام (logy) ئینگلیزیی کۆنەو تەواوی وشەکە (تەکنەلۆجیا) لە ئکسفۆرد پێناسە کراوە بە (سستەماتیک تریتمێنت) یانی (چارەسەری سستەماتیکی)" (لەیلیك، تەکنەلۆجیاي زانیاري ضيبة،٢٠٢١: https://layik.wordpress.com/2014/08/07 ) . بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە بابەتی تەکنەلۆجیای زانیاریەکانەوە هەبێت پسپۆرانی بوارەکە بەم جۆرە پێناسەیان کردووە: "بریتییە لەو ئامرازانەی یان ئەو شێوازە هونەرییانەی کە مرۆڤ بەکاریان دەهێنێت بۆ تێرکردنی پێداویستی و خواستە جۆراوجۆرەکانی بۆ باشکردنی ژیانی" (السيد عوض، http://swideg-geography.blogspot.com/2018/03/blog-post_38.html#.YULO-44zbIU) . هەندێکی تر بەجۆرێک پێناسەی تەکنەلۆجیا دەکەن کە بریتییە لە: (هونەری ناسینی ئامرازەکان) بەو واتایەی کە بریتییە لە کە تەکنەلۆجیات پێک دێت لە کەڵەکەبوونی کۆمەڵێک زانست و مەعریفە، لەهەمانکاتدا کۆمەڵێک ئامرازی ماددی، و ڕێکخستن، و کارگێڕی، و کۆمەڵایەتی، لەهەردوو رووی (ماددی و فکری)ەوە، کە لایەنە ماددییەکەی بریتییە لە هەموو ئامرازە

تەکنەلۆجییەکان، لایەن فکرییەکەشی بریتییە لەو بنەما و سیستەمە مەعریفیانەی کە کۆمەڵگەکان بەکاری دەهێنن بۆ ئەوەی پێداویستییە جۆراوجۆرەکانیان تێربکەن و دۆخی ژینگەکەیانی پێ باشتر بکەن (رندا بوسعيد، ٢٠١٧م ، ص٤٠ )

لەلایەکی تریشەوە بەفراوانی ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە زانست بنچینەی دروستبوونی مەعریفەیە، تەکنەلۆجیاش مەعریفە بەرجەستە دەکات، ماوکات زانست بزوێنەری تەکنەلۆجیایە، تەکنەلۆجیاش بزوێنەری گەشەپێدان وپێشکەوتنی کۆمەڵایەتیە. کەواتە ئەم شۆڕشە سیانەیەی (تەکنەلۆجیا، مەعریفە، زانیاری) لەرووی هێز وکاریگەریی ولێکەوتەکانیانەوە لەسەروو ئەو گۆڕانکارییانەوەن کە لە مێژووی پێشکەوتنی مرۆڤایەتیدا ڕوویانداوە (عزت السيد احمد، ٢٠١٣م، ص٤٥٢). ئەم پێشکەوتنانە ئەوەندە خێراو بەهێز بوون ڕووبەری ڕاگەیاندنەکانیان پڕکردبویەوە لەسەرەتادا تەنها باسی ئەو دەستکەوتانە دەکرا کە بەهۆی  پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاوە بەدەست هاتوون، دواتر گەیشتە ئەو دۆخەی کە باوەرکردن بەو گۆڕانە گەورەیە ئەستەم بوو، "چونکە لە ماوەیەکی زۆر کورتدا هێندە بەرهەمی زانستی و مەعریفی و ڕۆشنبیری زیادی کرد وەک لێشاوی زانیاری باسی لێوە دەکرا و بەدوواداچوونی کارێکی ئاسان نەبوو" (عزت السيد احمد، ٢٠١٣م ، ص ص ٤٥٢- ٤٥٣) .

**شەشەم: توێژینەوەی پێشووتر**

توێژینەوەی یەکەم: لەلایەن (رندا بوسعيد ، ٢٠١٧م) ئەنجامدراوە بەناونیشانی (التغير الاجتماعي والحتمية التكنولوجية لوسائل الإعلام)، توێژینەوەیەکی تیۆرییە ، بایەخی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا کورت کراوەتەوە کە شۆڕشەکان بزوێنەری گۆڕانی کۆمەڵایەتی بوون لە مێژوودا بەڵام پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا لە دیارترینیانە ، بابەتی توێژینەوەکە بریتییە لەوەی کە گۆڕانی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی هەرەمەکی ڕوونادات بەڵکو ملکەچی هۆکارە بابەتییەکانە و هۆکار و یاسا و ڕێکاری خۆی هەیە ، لەبەر ئەوە زۆربەی ئاڕاستەکانی توێژینەوەکە بایەخ بەو پەیوەندییە دەدەن کە نێوان ئامڕازەکانی گەیاندن و تەکنەلۆجیای نوێ و دیاردەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بەتێبینی کردنی کاریگەری دیار و نادیاری ئەم ئامرازانە لەسەر تاک و کۆمەڵ . لە کۆتایی توێژینەوەکەدا توێژەر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەم پێشکەوتنە خێرایەی تەکنەلۆجیا بەدەستی هێناوە لە زانستی مرۆڤایەتی و گەیاندنی ئەلکترۆنیدا ، بووەتە هۆی ئەوەی تەرحەکانی تیۆرەکەی ماکلۆهان وەک بیروبۆچونێک تەماشا بکرێن (کە بەهۆی تێپەڕبوونی کاتەوە بەخشراون) (أفكاراً معفية من الزمن)چونکە ئەم بۆچوونانە پێویستیان بە بایەخ وقایلکردنی زیاتر دەبێت ، چەندە کاریگەری پێشکەوتنە تەکنەلۆجیەکان بەرجەستە بن و کاریگەییان لەسەر لایەنی پەیبردنی مەعریفی لای مرۆڤی هاوچەرخ دەرکەوێت .

## بەشی دووەم

**تیۆری حەتمییەتی تەکنەلۆجیا**

تیۆری (حەتمییەتی تەکنەلۆجیا) لە تیۆرە نوێیەکانە کە باس لە ڕۆڵی ئامرازەکانی  ڕاگەیاندن دەکات لە ناو تەواوی کۆمەڵگەکاندا، خاوەنی ئەم تیۆرە کە ناوی (مارشاڵ ماکلۆهان)ە ، وەک شۆڕشێک باس لە بایەخی لەڕادەبەدەری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەسەر تاک کۆمەڵگەکان دەکات بەگشتی، ئیتر هەرجۆرێک بێت لە ئامرازەکانی وەک (نووسراو، خوێنراو، بینراو)، ماوکات ئاماژەش بەوە دەکات کە چیتر جیاوازییەک نییە لە نێوان زانیاری و ئامرازەکانی گەیاندنی زانیاری و ناتوانرێت لەیەکتر جیابکرێنەوە، بەبیروڕای ئەو زانیاری و ئامڕازەکانی گەیاندنی زانیاری (دوو ڕووی یەک دراون) ماوکات باس لەوەش دەکات کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەفری هەڵگرتنی زانیارییەکانن هەردووک پێکەوە زانیاری دەبەخشن بەجەماوەر (تواتي نور الدين، ٢٠١٣م، ص١٧٧) . دەتوانین بڵێین کۆتایی سەدەی بیست و سەرەتای سەدەی بیست ویەک وەرچەرخانێکی مێژوویی چاوەڕووان نەکراو بوو بۆ پێشکەوتنی تەکنەلۆجیای گەیاندن کە بەهەموو جۆرێک هەرەشەی بۆ سەر ئامرازە باوەکان (تەقلیدییەکان) دروستکردووە، جێی سەرەنجە (مارشاڵ ماکلۆهان) کە یەکێکە لە بەناوبانگترین ڕۆشنبیرەکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیست جەختی لەسەر هەموو ئەم پێشکەوتنانە کردۆتەوە، ئەو پێی وابووە کە: ئامرازەکان خۆیان پەیامن و تەکنەاۆجیا جیهان دەکاتە گوندێک، لەبەر ئەوە لە باسکردن و ناوهێنانی تیۆری حەتمییەتی تەکنەلۆجیادا ناوی (مارشاڵ ماکلۆهان) یش کەخاوەنی ئەم تیۆرەیە ئەویش دەبێتە شتێکی حەتمی دەبێت باسی لێوە بکرێت .

یەکەم: مارشاڵ ماکلۆهان:

(ئەلبێرت مارشاڵ ماکلۆهان) خاوەنی تیۆری حەتمیەتی تەکنەلۆجیایە ، ناسنامەی کەنەدی هەیە و لە ٢١/جويلية/ ١٩١١م لە شاری ئایدمۆنتن لە (ئالبیرتا) لە کەنەدا لەدایک بووە ، دایکی هونەرمەند بووە و باوکی بازرگانی خانووبەرە ، پێشتر نیازی خوێندنی ئەندازیاری هەبووە بەڵام ئەدەبی ئینگلیزی لە زانکۆی مانیتوبا خوێندووە ، لەساڵی ١٩٣٤ز بڕوانامەی ماجستێری بەدەستهێناوە ، ساڵی ١٩٤٤ز، بڕوانامەی دکتۆرای لە ڕەخنەی ئەدەبیدا لە زانکۆی کامبردج بەدەستهێناوە (رندا بوسعيد ، ٢٠١٧م ، ص٤٤) . پاش تەواوکردنی خوێندن بەمەستی وانەوتنەوە گەڕاوەتەوە وڵاتی خۆی ، سەرەتای کارەکانی بە ڕەخنەی ئەدەبی دەستی پێکردووە ، یەکێک لەکتێبەکانی ناوی "المنگلقات الشعريه والبلاغيه" بووە کە لە ساڵی ١٩٤٣ز نووسیویەتی ، لەبارەی کتێبەکەوە ( Kerkhoye Derrik) دەڵێت : ئەم کتێبە کلیلی کردنەوەی ڕەخنەی ئەدەبی و میدیایی دوای خۆیەتی ، ئەم زانایە ساڵی ١٩٨٠ز کۆچی دووای کردووە . (KERCKHOUE, 1977, p 22) .

لەڕوانگەی کتێبەکانیەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە ماکلۆهان خاوەنی بیرکردنەوەیەکی قوڵبووە لەبارەی زانستی کۆمەڵناسی و مێژوو ڕەخنەی ئەدەبی ، ماوکات بەرجەستەکردنی ئەم زانستانە لەواقیعی کرداری گەیاندن لەکۆمەڵگەدا ، بەجۆرێک ئەو بیروڕایانەی ماکلۆهان کە زیاتر لە نیو سەدە پێش ئێستا تەرحی کردوون لەگەڵ ئەو هەموو گۆڕانکاریی و پێشکەوتنانەی لەبواری تەکنەلۆجیادا بەرپا بووە ، هەتا ئائێستاش بیروبۆچوونەکانی بەهای خۆی هەیە ، تەنانەت هەندێک لە دەستەواژەکانی وەک ئەوە وایە کە بیروای ئەو سەردەمە بێت (علي الدين هلال، ماكلوهان، ٢٠٢٠م (https://gate.ahram.org.eg/News/2455850.aspx) .

ماكلۆهان هەمیشە هەوڵی ئەوەی داوە کە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و تەکنەلۆجیا بخاتەڕوو ماوکات بەڕوونی باسی لەوەش کردووە کە پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا لەهەموو سەردەمێکدا خاڵی دەستپێکردنی دووبارە ڕێکخستنەوەی کۆمەڵایەتیە، لە ڕووی پەیوەندی نێوان خەڵکەکە هەروەها پیوەندی نێوان دامو دەزگاکان چونکە هەموو پێشکەوتنێکی تەکنەلۆجی دەرخستەی تایبەت بەخۆی هەیە و دواجاریش کاریگەری لەسەر هەڵسوکەوتی مرۆڤ دەکات شێوازی پشتبەستنی مرۆڤ بە هەستەوەرەکانی دەگۆڕێت ماوکات شێوازی بیرکردنەوەی و تێگەیشتنی لە دەوروبەری دەگۆڕێت . ئەو گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە ناسنامەی هەر سەردەمێک پەیوەستە بەرادەی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا لەو سەردەمەدا (علي الدين هلال ، ٢٠٢٠م).

**دووەم: تیۆری حەتمیەتی تەکنەلۆجیا**

تیۆری حەتمیەتی تەکنەلۆجیا یەکێکە لە تیۆرە نوێیەکانی گەیاندن کە ڕۆڵی دەزگاکانی ڕاگەیاندن وسروشتی کاریگەری لەسەر کۆمەڵگەکان دیاری دەکات ، داهێنەری ئەم تیۆریە (مارشاڵ ماکلۆما) ە کە دەتوانین بڵێین لە بەناوبانگترین ڕۆشنبیرانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمە ، مارشاڵ ماکلۆهان دەڵێت: ناکرێت (ناوەڕۆکی) دەزگا میدیاییەکان بەتەنها وبەجیا دوور لە تەکنەلۆجیای ئامرازە میدیاییەکان تەماشابکرێن ، چونکە چۆنێتی و شێوازی بەرکەوتنی کەناڵە میدیاییەکان بۆ بابەتەکان و ئەو جەماوەرەی پەیامەکەی بۆ دەنێرن کاریگەریان هەیە لەسەر گوتاری کەناڵەکان . بۆچوونی ماکلۆهان دەربارەی مێژوو بریتی بووە لە (حەتمیەتی تەکنەلۆجیا)، بەڵام (کارڵ مارکس) باوەڕی بە (حەتمییەتی ئابوری) هەبووە کە سیستمی ئابووری بۆ کۆمەڵگە لایەنێکی گرنگی ژیانی پێک دەهێنێت، بەڵام بەلای (فرۆیدەوە) جنس ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لەژیانی تاکو کۆمەڵدا. ماکلۆهان باوەڕی بەوە هەبووە کە داهێنانە تەکنەلۆجییە گرنگەکان کاریگەری بنەڕەتی لەسەر کۆمەڵگەکان دادەنێن (تواتي نور الدين، ٢٠١٣م ، ص١٧٩). لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە بەپێی بۆچوونەکانی ماکلۆهان بێت وەرچەرخانی بنچینەی لە تەکنەلۆجیادا بوار دەرەخسێنن کە وەرچەرخانی گەورەی تر ڕووبدات نەک تەنها لە ڕێکخستن وسیستمی کۆمەڵایەتییدا بەڵکو لە بوارە هەستیارەکانی دیکەی مرۆڤایەتیشدا ، چونکە بەبیروڕای ئەو سیستمی کۆمەڵایەتی ناوەڕۆکی میدیایی دیاری دەکات لەبەر ئەوە ئەو شێوازەی کە سیستمی میدیایی کەناڵەکان کاری تێدا دەکەن ئەستەمە بتوانرێت ئاستی ئەو کاریگەریە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریانە دیاری بکرێت کە بەسەر کۆمەڵگەکاندا دێت.

لەڕووانگەی بۆچوونی توێژەرانەوە ، تیۆری حەتمییەتی تەکنەلۆجیا لە باشترینی ئەو تیۆرتەیە کە پەیوەندی نێوان پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی شیکردۆتەوە، هەروەها بڕبڕەی پشتی ئەو تیۆرانەیە کە دەربارەی کاریگەریەکانی میدیا نوسراونەتەوە ، ئەوەش لەڕێی وەلامدانەوەی ئەو پرسیارەی کە : (مارشاڵ ماکلۆهان) بەچ شێوەیەک بابەتی گۆرانکاری کۆمەڵگەیی بەحەتمییەتی تەکنەلۆجیاوە بەستۆتەوە ، هاوکات بۆ زیاتر تێگەیشتن لە تیۆرەکەی (مارشاڵ ماکلۆهان) هاتووە ئەم پرسیارەی تەرح کردووە : ئایا ماسی هەست بەوە دەکات کە لەناو ئاودایە و تەربووە ؟ ، هەرخۆی وەڵامی پرسیارەکەی داوەتەوە : نەخێر نازانێت ، چونکە لەناو ئاوەکەدا نوقم بووە ، تەنها ئەوکاتە هەستی پێ دەکات کە لەئاوەکە دەهێنرێتە دەرەوە (رندا بوسعيد ، ٢٠١٧م ). لەم نمونەی (ماکلۆهان) دوە ، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە بارودۆخی پەیوەندی خەڵک بەمیدیاوە بووەتە شتێکی حەتمی چونکە میدیا لەهەموو شتێکی ڕۆژانەماندا بوونی هەیە و ژیانی بەکاربەرانی داپۆشیوە بەجۆرێک هەستی پێ ناکرێت، تا ئەو ڕادەیەی کە ژیان بەبێ میدیا ئەستەمە .

## بەشی سێیەم

**گریمانەکانی تیۆری حەتمییەتی تەکنەلۆجیا**

**گریمانەی یەکەم: ئامرازەکانی کۆمینیکەیشن درێژکراوەی مزر و هەستەوەرەکانی مرۆڤن:**

ماکلۆهان پێیوایە خەڵک لەگەل بارودۆخی ژینگەکەیاندا لەهەموو سەردەمێکدا ڕادێن ئەوەش لەڕێی هەستەوەرەکانی خۆیانەوە کە پەیوەندیدارن بە جۆری ئەو ئامرازە میدیاییەی بەکاردێن ، هەروەها جۆری ئەو نمایشەی کە بۆ بابەتەکان دەکرێت و جۆری ئەو جەماوەرەی کە پێشوازی لە میدیا و ناوەرۆکەکەی دەکەن ، کاریگەریان دەبێت لەسەر ناوەرۆکی ئەو پەیامە . ماکلۆهان ئەوەی خستۆتە ڕوو کە سروشتی ئامرازەکانی گەیاندن لەهەموو قۆناغەکاندا زیاتر کاریگەریان هەبووە هەتا ناوەرۆکی پەیامەکان ( محمد عبد الحميد ، ١٩٩٧م، ص ٣٥) .

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی تیۆرەکە (ماکلۆهان) هاتووە قۆناغەکانی گەشەکردنی مرۆڤایەتی و پێشکەوتنی کرداری (کۆمیونیکەیشن)ی بەسەر چوار قۆناغی سەرەکیدا دابەش کردووە کە بریتین لە: (حسن عماد المكاوي ، ليلى حسين السيد ، ١٩٩٨م ، ص ٢٧٥)

قۆناغی زارەکی گشتی (الشفوية كلية) کە بەتەواوی پشت بە گەیاندنی زارەکی دەبەستێت کە زۆربەی قۆناغەکانی مێژووی مرۆڤایەتی گرتۆتەوە: ئەو قۆناغەیە کە مرۆڤ پشتبەستوو بووە بە هەستەوەرەکانی کە هەستی بیستن و سۆز زیاتر کاریگەربووە و مرۆڤی ئاراستە کردووە.

قۆناغی نووسین : کە نزیکەی ٢٠٠٠ ساڵ بەردەوام بووە . ئەم قۆناغە لە یۆنانی کۆن سەری هەڵدا و دوو هەزار ساڵ بەردەوام بوو : ئەم قۆناغە قۆناغی پێشکەوتنی لەگەڵ خۆیدا هێنایەکایەوە، ئەو قۆناغە بوو کە دەتوانین بڵێین قۆناغەکانی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی لە تاریکییەوە گۆڕی بۆ ڕووناکی . ماکلۆهان پێیوایە لەم قۆناغەدا هەستی بینین شوێنی هەستی بیستنی گرتۆتەوە لەم قۆناغەدا مرۆڤ توانیویەتی زانیارییەکانی بنووسێتەوە.

قۆناغی چاپکردن: لەسالانی: (١٥٠٠ز بۆ ١٩٠٠ز): بەردەوام بووە. ماکلۆهان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە قۆناغی نووسین لە سەدەی پانزەدا دەستی پێکردووە ئەوەش لەدوای ئەو داهێنانەوە هات کە (یوحەنا گۆتەنبەرگ) ئەنجامیدا کە بە یەکەم داهێنان دەژمێردرێت کاریگەری کردبێتە سەر پێشکەوتنی قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤ، کە چیتر مرۆڤ بۆ فێربوون و دەستەبەرکردنی پێداویستییە کەسییەکانی پشتی بەخۆی دەبەست (جيهان رشتي، ١٩٨٦م ، ص٦٠) .

قۆناغی ئامرازە ئەلەکترۆنییەکان: (لە سەرەتای سەدەی بیستەوە بۆ ئێستا بەردەوامە) (حرطاني كريمة، بعلباس رجاء، ص ص ٥٥- ٥٦) ماکلۆهان ئەم سەردەمەی بە (سەردەمی بازنە ئەلکترۆنییەکان) ناوزەند کردووە کە ئامرازەکانی (تەلەفزیۆن و سینەما و عەقڵی ئەلکترۆنی) دەگرێتەوە کە بوونە ئامرازێک بۆ بونیادنانی شارستانی لەسەدەی بیستدا .

**گریمانەی دووەم: (ئامرازەکان پەیامن)**

ئەم گریمانەیە بەمانای ئەوە دێت کە "سروشتی ئامرازەکان نەک ناوەرۆکی پەیامەکان هۆکاری بنەرەتین بۆ درووسبوونی کۆمەڵگەکان، واتە هەموو ئامرازێک جەماوەری تایبەت بەخۆی هەیە خۆی ڕادەهێنێت لەگەڵ تایبەتمەندی ئەو پەیامەی ئەو ئامرازە پێشکەشی دەکات، لەبەر ئەوە سروشتی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەهەر قۆناغێکدا هۆکارێکی یاریدەدەرن لە دروسبوونی کۆمەڵگەکاندا، زیاتر لەوەی کە ناوەرۆکی پەیامەکان هۆکاربن"(حرطاني كريمة، (٢٠١٨م- ٢٠١٩م)، ص٥٦) . لەهەمانکاتدا (ماکلۆهان) پەیوەدنی دروست دەکات لەنێوان پەیام و ئامرازەکان لەکاتێکدا کە هەندێک لە توێژەران پێیان وایە کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن جۆری گەیاندن وکاریگەرییەکانی دیاری دەکەن، بەڵام ماکلۆهان پێی وایە کە پەیامەکە بۆخۆی ئامرازیشە، ئەوەش ڕوون دەکاتەوە کە ناوەرۆکی پەیام ناکرێت بە جیا و دوور لە تەکنەلۆجیا تەماشابکرێت، چونکە بابەتەکان و جەماوەر کاریگەرییان هەیە لەسەر ئەوەی کە کەناڵەکە دەیڵێت، بەڵام سروشتی ئامرازەکانی گەیاندن کۆمەڵگە وابەستە دەکەن زیاتر لەوەی ناوەرۆکی پەیامەکە وابەستەیان بکات (حيدر فالح زايد ٢٠٢٠، ص٣) .

ماکلۆهان پێیوابووە کە تەکنەلۆجیای نوێی وەک تەلەفزیۆن بووەتە دۆخێکی نوێ و ناوەرۆکەکەشی بەدۆخێکی کۆنتر دەور دراوە ، بەڵام دۆخە نوێیەکە لەڕەگ و ڕیشەوە هەموو ئەو شێوازانە دادەڕێژێتەوە کە خەڵک هەر پێج هەستەوەرەکەی خۆیانی بۆ بەکاردەهێن ، بەهەمان شێوە ئەو ڕێگایانەش دەگۆرێت کە وەڵامی شتەکانی پێدەدرێتەوە، بەبیرورای ئەو ئیتر گرنگ نییە ئەگەر تەلەفزیۆن بیست وچوار کاتژێر فیلمی توندوتیژی ودڵڕەقی یان بەرنامەی ڕۆشنبیری بەپێز پەخش بکات . ئەو پێی وایە ناوەرۆکە میدیاییەکە زۆرگرنگ نییە بەڵکو کاریگەری قوڵ و گەورەی تەلەفزیۆن لەو شێواز و ڕێگایانەدایە کە بەکاربەر توانای ئەوەی هەیە هەستەوەرەکانی هاوشێوەی ئەو بیگۆرێت ، ئەم بۆ چوونە ووردەی ماکلۆهان بەرەو ئەو باوەڕو گوزارشتە بەناوبانگەی بردووە کە بڵێت : (ئامرازەکان خۆیان پەیامن - الوسيلة هي الرسالة)) (تواتي نور الدين، ٢٠١٣م، ص ص ١٨٤-١٨٥ ) ، توێژەرانی بوارەکە ئەم گوزارشتەی ماکلۆهان وەک بابەتێکی مەترسیدار دەخەنەڕوو هاوکات بووەتە جێی مشتومڕیان و زۆرترین گفتوگۆی لەسەرکراوە ، چونکە ماکلۆها بەڕاشکاوی ئەوەی خستۆتە ڕوو کە (ئامرازەکان پەیامن) ، ئەوەشی دووپات کردۆتەوە کە پەیام و ناوەرۆکی پەیامەکان بارمتەی ئامرازەکانیانن (علي الدين هلال، ٢٠٢٠م) . بەبۆچوونی ئەو پەیام لەناو ئامرازەکەیدا دەتوێتەوە ، ئەم ئاماژەیەی ماکلۆهان گرنگی ڕێکخستنی پەیام لەگەڵ ئامرازدا زۆر گرنگە چونکە هەموو پێشکەوتنێکی تەکنەلۆجیا بریتییە لە ئامرازێکی گەیاندن بۆ پەیامێک کە پێشتر هەبووە، بەڵام ئەم پێشکەوتنە نوێیەی تەکنەلۆجیا تەنها شێواز و جۆری بەکارهێنانی هەستەکان و ڕادەی ئاگایی مرۆڤی گۆڕیوە (علي الدين هلال، ٢٠٢٠م) . لەم بۆچوونەی ماکلۆهانەوە ئەوە دەردەکەوێت کە گرنگ ئەو بابەتە نییە کە تەلەفزیۆن پەخشی دەکات لەوە گرنگتر ئەوەیە کە تەلەفزیۆن چۆن دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵک شێوازی بەکارهێنانی هەستەوەرەکانی خۆیان بگۆڕن بۆ وەرگرتنی بابەتەکان ، جێی ئاماژە پێکردنە کە ئەو ژینگەیەی ئەمرۆ کە لەدەرئەنجامی بەکارهێنانی میدیای نوێدا پەیەیدا بووە هەندێک لەو ڕاستییانە دەخاتەڕوو کە (مارشاڵ ماکلۆهان) پێش نیو سەدە ئاماژەی پێکردووە .

**گریمانەی سێیەم: ئامرازەکان دابەشدەبن بۆ ئامرازی (گەرم وسارد)**

ماکلۆهان داهێنانێکی لەڕووی بونیادنانی ئامرازەکانی کۆمیونیکەیشنەوە و ئەو ئەزموونەی دەیەوێت بیگوێزێتەوە کرد، بۆ ئەمەش هات ئامرازەکانی کۆمیونیکەیشنی کرد بەدوو بەشەوە (گەرم) و (سارد)، هەرچەندە لەئێستادا دەستەواژەی (سارد) لەجێی ئەو ئامرازانە بەکار دەهێنرێت کە لەڕابوردوودا بە گەرم ناودەبران (حسن عماد المكاوي، ١٩٩٨م ، ص٢٧٧. ماکلۆهان لەم تیۆرەدا جگە لەوەی قۆناغەکانی گەشەرکردنی تەکنەلۆجیای دابەشکردووە لەقۆناغی زارەکییەوە بۆ قۆناغی نوسین و چاپ و ڕاگەیاندنی جەماوەری ، ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە کە لەئاستێکی دیکەشدا ئەم جۆرە لە ڕاگەیاندن گۆرانکاری بەسەرداهاتووە لەگەیاندنیکی گەرمەوە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆ و کاریگەر و ئاوێتەیی بە نێرەر و وەرگرەوە هەیە بۆ ڕاگەیاندنێکی سارد کەپەیوەندیەکی ناڕاستەوخۆی هەیە(بداني فؤاد، ٢٠١٤م ، ص١١٥) بەم جۆرە ماکلۆهان ڕێگایەکی دۆزیەوە بۆ ئەوەی بنەمای ئەو ئامرازانە یان ئەو ئەزموونانەی پێ بناسێنێت کە ڕێگەیەوە پرۆسەی پەخشکردن دەکرێت.

لەڕاستیدا بابەتی جیاکردنەوە و ناساندنی ئامرازی (گەرم و سارد) لە سایەی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیای زانیاری و کۆمیونیکەیشن و لەئەمرۆدا شتێکی ئاسان نییە، وەک توێژەرێکی بواری میدیا و بۆ بابەتی ئەم توێژینەوەیە زۆر گەڕام وسەرچاوەی زۆرم خوێندەوە، سەبارەت بە جیاکردنەوەی ئامرازی گەرم و سارد لەکۆتاییدا لای زۆربەیان ئەم جیاکردنەوە بۆ ئەم سەردەمە جێی پرسیاربوو، بۆ نمونە ئامراز هەیە لەسەردەمی ماکلۆهاندا ئامرازێکی گەرم بووە بەڵام لە ئێستادا کەوتۆتە نێوەندێکی گەرم و ساردەوە، یان پێچەوانەکەیەتی، لەبەر ئەوە بەپێویستم زانی کەمێک درێژە بە ئەم بابەتە بدەم.

زۆر بەسادەیی ئەوەی لە بۆچوونە سەرەکیەکەی ماکلۆهانەوە دەردەکەوێت ئەوەیە کە ئامرازە گەرمەکان زۆر ڕوون و ئاشکران و هەموو داتا و زانیارییەکان بەڕوونی دەخەنە بەچاوی وەرگر، بەمەش ڕێژە و ڕادەی بەشداریکردنی هەستەوەرەکانی وەرگر کەم دەکەنەوە، هاوکات ئامرازە ساردەکانیش بەپێچەوانەی گەرمەکانەوە ڕادەو ڕێژەی ڕوونی داتاو زانیارییەکان کەمترە لەبەر ئەوە پێویستی بە بەشدارییەکی زۆر گەورەی بەشداریکردنی هەستەوەرەکانی وەرگر هەیە بۆ ئەوەی پەیامەکەی پێ بگات. ئەمە و چەندین بابەتی تر سەبارەت بە ناسینی و شیکردنەوەی ئامرازە کە گەرم ساردەکان لەپرۆسەی کۆمیونیکەیشندا ، (مکاوی، لیلا) باس لەوە دەکەن کە ماکلۆهان گرنگی بابەتەکەی لە توانای (بیرکردنەوەدا) چڕ کردۆتەوە کە بنەمای بیروبۆچوونەکەشی دەربارەی (گەرم و سار) لەوێوە سەرچاوەی گرتووە .

یەکەم : ئامرازە گەرمەکان (الساخنة/ hot) ماکلۆهان پێیوابووە کە ئامرازە گەرمەکان ئەو ئامرازانەن پارێزگاری لە هاوسەنگی بەکارهێنانی هەستەوەرەکانی مرۆڤ ناکەن، واتە ئەو ئامرازانەن کە (واتا) و پەیامەکان بە ئامادەکراوی و بە (دروستکراوی (prefabricated) (پێشکەش دەکەن، بەم جۆرەش ئاستی بیرکردنەوەی خەڵک کەم دەکەنەوە، ماکلۆهان

پێیوابووە کە ئامرازە (چاپکراوەکان و ڕادیۆ) ئامرازی گەرمن چونکە بەکاربەری هەریەک لەوان تەنها پشت بەیەک هەست دەبەستێت لەکاتی وەرگرتنی پەیامەکەدا، تەنها کەمێک پێویستی بەبیرکردنەوە هەیە (حسن عماد المكاوي ، ليلى‌حسين السيد ، ١٩٩٨م ، ص٢٧٧) ، بەهەمان شێوە (تویسی و هاوڕێکانی) ئاماژەیان بۆ گریمانەکەی ماکلۆهان کردووە کە ئامرازە گەرمەکان "ئەو ئامرازانەن کە: ئامادەکراون و ڕەهەندەکانیان دیاری کراوە، ئەم ئامرازانە خواستی ئەوەیان لە وەرگرەکانیان نیە کە هەوڵێکی زۆر بدەن بۆ بەشداریکردن یان ئاوێتەبوون و لەگەڵ ژیان، وەک (چاپکراوەکان و سینەما)"، (باسم الطويسي، علي الكريمي، وآخرون، ٢٠٢٠م ، ص ٢٣) .

دووەم : ئامرازە ساردەکان (البارده :(cold/ ئامرازە (سارد)ەکان، ئەو ئامرازانەن کە پارێزگاری لە هاوسەنگی بەکارهێنانی هەستەوەرەکان دەکەن و بەبەردەوامی لایەنی بیکردنەوەی مرۆڤ دەوروژێنن، لەهەمانکاتدا ئەو پێیوابووە کە تەلەفزیۆن و سینەما لە ئامرازە (سارد)ەکانن چونکە خواستی ئەوەیان هەیە لەوەرگر کە هەوڵی زۆر بدەن و زۆر بیرکردنەوە هەتا لەبابەتەکان تێبگەن (حسن عماد المكاوي، ليلى‌حسين السيد ،١٩٩٨م ) ، ص٢٧٧) ٔ ماوکات توێژەرانی بوارەکەش ئەوە دەخەنە ڕوو کە ماکلۆهان لەئامرازە ساردەکاندا مەبەستی ئەوەیە کە "ئەم ئامرازانە پێویستیان بە هەوڵێکی فکری بەردەوام هەیە بۆ ئەوەی وەرگر لە ناوەڕۆکە میدیاییەکە تێبگات ، لەهەمانکاتدا بەشداری لەگەڵ بکەن و ئاوێتەی بن، وەک : (تەلەفۆن و تەلەفزیۆن)" (حيدر فالح زايد، ٢٠٢٠م، ص٣) لەلایەکی تریشەوە کۆمەڵێک توێژەر ئاماژەیان بۆ گریمانەکەی ماکلۆهان کردووە کە ئامرازە (سارد)ەکان"لەو ئامرازانەن خواستی ئەوەیان هەیە کە جەماوەر هەوڵێکی (ئەرێنییان) هەبێت بۆ بەشداریکردن و لەگەڵ ژیان و ئاوێتەبوون وەک: نووسین و بینراوەکان" (باسم الطويسي، علي الكريمي، ٢٠٢٠م، ص٢٢) .

لە دوای خستنە ڕووی هەندێک لەزانیارییەکان دەربارەی ئامرازی (گەرم) و (سارد)، دەکرێت لەڕووانگەی توێژەرانەوە کۆمەڵێک زانیاری دەربارەی جیاکردنەوە یان ناسینەوەی ئامرازە (گەرم و سارد)ەکان بخەینە ڕوو (حسن عماد المكاوي ، ليلى حسين السيد، ١٩٩٨م ، ص ٢٧٧-٢٧٨) .

- ئامرازە خودییەکان (ئۆتۆماتیکی)یەکان (سارد)ن ، ئامرازە میکانیکییەکان (گەرم) ن.
- خەڵکی ئاسایی (گەرم)ن و خەڵکی پێشکەوتوو (سارد)ن، چونکە بەڕادەی زۆر زانیاریان پێیە.
- ئامرازە (گەرم)ەکان ڕادەی ڕوونیان بەرزە (های دفنشن)، ئامرازە ساردەکان ڕادەی ڕوونیان کەمە، و زانیاری کەم دەگوێزێتەوە ، پێویستی بە هەوڵێکی زۆر هەیە لەلایەن وەرگرەوە
- چاپکراوەکان (مگبوع): ئامرازی (گەرم)ن، چونکە شێوازی خوێندنەوەی هەرلاپەرەیەک خۆی فەرز دەکات بەسەر خوێنەردا ئەمە بەردەوامە و کۆتایی نییە ، مرۆڤ لە پەیوەندییەکی تەقلیدی خزم و خێڵەوە بۆ پەیوەندییەکی جیهانی دەگوێزێتەوە ، چاپکراوەکان بەبەردەوامی پشت بە جۆراو جۆری پەیام و شێوازەکانی تەرحکردنی دەبەستن.
- قسەکردن(گفتوگۆ): ئامرازی (سارد)ە چونکە بەردەوام شێوازی ئاڵوگۆڕکردنی پەیام لە پێشکەوتندایە، (بابەتی وروژێنەر و پێدانەوەی وزە، وەڵامدانەوە)، هەروەها شێوازە ئاڵۆزەکانی پەیوەندی نێوان تاک و کۆمەڵگە کەزیاتر جەخت لە پەیوەندی خێزانی و خێل دەکاتەوە .
- ڕادیۆ: ئامرازێکی گەرم)ە، چونکە ڕادەی بەشداری جەماوەر تیایدا لاواز و کەمە ئەم ئامرازە بەشێوەیەکی گشتی داتاو زانیاری دەخاتە بەدەست وەرگر، بەبێ بەشدارییەکی گەورە لەلایەن وەرگرەوە.
- تەلەفزیۆن: ئامرازێکی ساردە چونکە پێویستی بەرادەیەکی زۆری بەشداری هەیە لەلایەن جەماوەرەوە، هاوکات کەسایەتی و بابەتی گەرم ڕەد دەکاتەوە، جیاواز لە بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان کە ئامرازێکی سارد)ن.

بەپێی بۆچوونەکەی ماکلۆهان ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و کۆمیونیکەیشن پێکهاتەی کۆمەڵگەکان دەگۆڕن، لەکاتی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و گۆڕانکاری لە بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە ئامرازێکەوە بۆ ئامرازێکی تر فشارێکی گەورە لەسەر کۆمەڵگە دروست دەکات ، ئەم دیاردەیەش جیهان بچووک دەکاتەوە بۆ (گوندێکی جیهانی) کە جێی خۆیەتی لەم توێژینەوەیەدا ئاماژەیەک بە ئەو گوندە جیهانییە بکەین:

گریمانەی چوارەم: دەستەواژەی (گوندی جیهانی - گوندی هەسارەیی)

ماکلۆهان لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (الوسيلة هي الرسالة) بیروڕای خۆی دەربارەی (گوندێکی جیهانی) دەخاتە ڕوو کەلەشەستەکانی سەدەی ڕابووردوودا خەڵک نیشتەجێی بوون پاش ئەوەی ئامرازی ئەلکترونی نوێ پەیدابوو ئەوەبوو"جیهان بەیەکەوە بەسترایەوە و کۆمەڵگەکان و خەڵکی ناو یەک کۆمەڵگەشی لەیەکتر نزیک کردەوە بەبۆچوونی ئەو چیتر خەڵک دوور لەیەکتر ناژین، بەڵکو بەشداری دەکەن و ئاوێتە دەبن، ئەمەش پاش ئەوە هات کە ئامرازە ئەلکترۆنییەکان زاڵبوون بەسەر بەربەستەکان و هەروەها زاڵبوون بەسەر (کات و دووری)یدا و هاوڵاتیان بایەخیان بە باوردۆخی وڵاتانی تر دەدا"(باسم الطويسي، علي الكريمي، وآخرون، ٢٠٢٠م، ص٢١). ئەو چاودێرییەی ماکلۆهان دەربارەی پێشکەوتنی کۆمەڵگەکان ئەنجامی دابوو، بریتی بوو لە (وەرچەرخانێک لە کەلتورێکی زارەکییەوە بۆ زمانێکی نوسراو، هەروەها لە زمانێکی نووسراوەوە بۆ زمانێکی ئەلکترونی) ماکلۆهانی بەرە و ئەوە بردبوو کە دەرک بە کۆتایی پێشکەوتنەکان بکات جیهان وەک (گوندێک) لێدێت و خواست و پێداویستییەکانی مرۆڤ تیایدا هاوشێوە دەبن، بەهەمان شێوەی لایەنی (ئاگایی و هەڵوێست روئیا و هەستەکانیان ) دەربارەی خەڵک و شتەکان . (باسم الطويسي، علي الكريمي، وآخرون، ٢٠٢٠م، ص٢١).

دەستەواژەی (گوندی جیهانی- گوندی هەسارەیی) کە مارشاڵ ماکلۆهان ناوی لێناوە، لە تێڕوانینێکی میدیاییەوە سەرچاوەی گرتووە، کە لەم گوندەدا خەڵک لە هەرشوێنێکی سەر ڕووی زەوی بێت دەتوانێت ئاڵوگۆڕی بیروڕاو بیرو بۆچوونەکانیان بکات ، هەرچەندە لە ڕووی دروستکردنی داتاو زانیارییەکانیانەوە هەتا ئێستاش لەدەستی چەند کۆمپانیایەکی وڵاتە پیشەسازییە دیارەکاندایە ، بەڵام لەتوانای زۆربەی هەرەزۆری خەڵدا هەیە ببێتە بەکاربەر ، ئەگەر باس لەوە بکەین کە ئایا

بەراستی جیهان بووەتە گوندێک؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە توێژەران دەڵێن "بەهۆی ئەو جیاوازییە زۆرەی لە نێوان گوندێکی ڕاستەقینەو گوندێکی گریمانەییدا هەیە ناتوانرێت بەم گوندە گریمانەییە بوترێت سیماو تایبەتمەندی گوندی تێدایە" (عزام ابو الحمام، ٢٠٠٩م، ص١، https://pulpit.alwatanvoice.com/content/print/159988.html ) ، بۆ نمونە: هیچ کەس ناتوانێت سیمای کۆمەڵایەتی و کەلتوری ئەم گوندە گریمانەییە دیاری بکات چونکە توێژە کۆمەڵایەتیەکانی ناو ئەم گوندە زۆرجیاوازن لە توێژەکانی ناو گوندە تەقلیدییەکە چونکە لەگوندە جیهانییەکەدا بەهای خودێتی و تاکگەرایی زیاتر زاڵە هەتا لە گوندە تەقلیدییەکەدا ، لەگوندە گریمانەییەکەدا هیچ کەس باسی هاوبەندی کۆمەڵامەتی و هاوکاری ناکات لەکاتێکدا کە لە گوندە تەقلیدییەکەدا تارادەیەکی زۆر باو بووە .

لەرووی بەهای پێکەوە ژیان و شێوازی پەیوەندییەوە بە بیروڕای توێژەران ژیان لەم گوندە جیهانییەدا رووبەرووی ئاڵنگاری خراپ تێگەیشتن دەبێتەوە، چونکە "خەڵکی ئەم (گوندە جیهانی)یە زیاتر لەدەوری خۆیان کۆدەبنەوە و ئیش لەسەر دەرخستنی جیاوازییەکانی خۆیان لە بەرامبەر وانیتردا دەکەن کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خواستە مرۆییەی کە هەر لەسەرەتارەتای دروستبوونی مرۆڤایەتییەوە لەنێوان نەوەکانی ئادەمدا دروستبووە لەهەموو سەردەمەکانیشدا بە پێی پێشکەوتنی ئامرازەکانی گەیاندن ئەو بابەتەش سەر هەڵدەداتەوە بەڵام بەشێوازی جیاواز" (حسام شاکر، ٢٠١٨م، (https://www.aljazeera.net/blogs ` هاوکات لە گوندە ڕاستەقینەکەدا (ئیکتیفای خودی)یان هەبووە واتە خۆیان کاریان کردووە، بەپێچەوانەی گوندە گریمانەییەکەوە کە هەموو توێژەکانی گوندەکە دەبنە بەکاربەر و هیچ بەرهەمێکی ئەوتۆیان نییە . لەلایەکی تریشەوە ئەوەی پەیوەندی بەبڵاوبوونەوەی زانیارییەوە هەبێت لە گوندە ڕاستەقینەکەدا هەواڵ و زانیاریی زۆر بەخێرایی و بەئاسانی و لەبەرژەوەندی خەڵکی گوندەکە بڵاو دەبێتەوە، بەڵام لە گوندە جیهانیەکەدا ڕاستە بەئاسانی بڵاو دەبێتەوە بەڵام زۆرجار پشتراستکردنەوەی کارێکی ئاسان نییە، ئەمە جگە لە ئاراستەی بەرژەوەندی ئەو هەواڵ و زانیاریانەی کە لەم دوو گوندەدا بڵاو دەبنەوە کە لەچەندین ڕووەوە لەیەکتر جیاوازن و مەبەست و ئامانجەکانیان زۆر دوورن یەکەتر دەکرێت بڵێین زۆربەی هەرە زۆری بەستراون بەبەرژەوەندییەوە . بەم جۆرە لەجێی ئەوەی ئەم جیهانگیرییە لەم (گوندی جیهانی) یەدا خەڵک کۆبکاتەوە بۆ بەکارهێنان وەبەرهێنانێک هەموولایەک لێی سودمەند بن بەڵام تەنها چەند کەسێکی دیاری کراو لێی سودمەند دەبن و ئەوانیتر پەراوێز دەخرێن و بگرە تووشی زەرەر دەبن لە بەکارهێنان وپەیوەندییەکانیاندا . لەلایەکی تریشەوە لە ڕووی جوگرافی ئەم گوندە جیهانییەوە ، دەتوانین بڵێین ئەم گوندە جیهانێکە بەبێ دەوڵەت و بەبێ نەتەوە، ئەمە تەنها جیهانی تۆڕ و دامەزراوەی میدیایی و کارگێڕەکانێتی، شوێنی جوگرافی ئەوان (نیشتمانەکەیان) بریتییە لەو جیهانەی کە زانیاریی و تۆڕەکان دروستی دەکەن و دەستیان گرتووە بەسەر ئابووری و سیاسەت و ڕۆشنبیری "گوندە جیهانی"یەکەدا و بەو شێوەیە ئاراستەی دەکەن کە دەیانەوێت. (عزام ابو الحمام ، ٢٠٠٩م ، ص ص ٢،٣) .

کەواتە دەکرێت بڵێین مونەری دروستکردنی جوگرافیایەک کە لە گوندێکی گەردوونیدا بەرجەستە دەبێت دەستکەوتی ئامرازەکانی کۆمیونیکەیشنە کە دۆخێکی میدیایی وا دروست دەکات زۆرجار جێگەی جوگرافیا ڕاستەقینەکە بگرێتەوە؟ بێگومان ئەمەش بەرەو ئەو بیروباوەڕەمان دەبات کە بڵێین "ئەم ئامرازە میدیاییانە جوگرافیایەکی گریمانەی و کۆمەڵگەیەکی گریمانەیی Virtual Society وەهایان دروستکردووە، کە پێدەچێت لە ڕۆژگارێکدا شوێنی جوگرافیا ڕاستەقینەکە بگرێتەوە، ئەم باوەڕەش لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە ڕۆژبەڕۆژ ژمارەی ئەو خەڵکە زۆرتر دەبن کە دەچنە ناو ئەم جیهانە گریمانەییەوە"( عزام ابو الحمام، ٢٠٠٩م، ص٣) .

لەکۆتایی ئەم بەشەدا گرنگە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە ئامانجەکانی جیهانگیری بەتایبەتی لایەنی میدیاییەکەی ئەوەیە کە خەڵک و ژیان بگوازێتەوە لەم جوگرافیا ڕاستەقینەوە بۆ ئەو جوگرافیا نوێیە کە دۆخێکی نوێیە کە بەتەواوی لەژێر دەسەڵاتی خۆیدایە لەوێوە ژیان دەبێتە شاشەیەکی کۆمپیوتەر یان مۆبایل لەوێوە سیستمی ژیان بەڕێوە دەبرێت، کە ئەمەش وەک یارییە ئەلکترونییەکانی لێدێت کە بەرمەجەی زۆربەی ڕەگەزە سەرەکییەکانی یاریکە دەکرێت بەشێکی دەمێنێتەوە، لێرەدا یاریزانەکان لەشێوەی مرۆڤدا دەبنە ئایکۆنی یاریەکە کە ڕێرەوی یارییەکەیان بۆ دیاری دەکەن، هەندێ شت ڕێگە پێدراو دەبێت و بۆ هەندێکی تر قەدەغە. شایانی باسە هەرچەندە ئامانجی ئەم جیهانگیرییە لە گوندە جیهانییەدا جواروجۆربێت بەڵام زۆرجار بەپێچەوانەوە دەرئەنجامی دەبێت هەروەک دەبینرێت بایەخێکی گەورە هەیە لەم گوندەدا لەرووی نوێکردنەوەی ئینتیمای کەلتوری و نیشتمانی، جگە لەمەش نەتەوە و ئاین و تەنانەت ئەو هۆز و خێڵ کە خەریک بوو لەناودەچوون، لە لەسایەی ئەم جیهانە گریمانەییەدا ژیاونەتەوە، ئەمەش بە ڕوونی لە دروشم و لۆگۆی هەندیک لەکەماڵە ئاسمانییەکانیشدا دەبینرێت .

## بەشی چوارەم

### ئەو ڕەخنانەی ڕووبەڕووی تیۆری حەتمییەتی تەکنەلۆجیا کراونەتەوە

بێگومان هیچ تیۆرییەک لە ڕەخنە بەدەر نییە و تیۆری (حەتمیەتی تەکنەلۆجیا) ش لەکێکێکە لەو تیۆرانەی ڕووبەڕووی ڕەخنە بوەتەوە ، لەم بەشەدا و بەمەبەستی گەیشتن بەئامانجی توێژینەوەکە و بەپێی توانا و ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستن هەوڵ دەدەین بەشێک لەو بیروراو ڕەخنەو سەرەنجانە کە لەلایەن توێژەران و پسپۆڕانی بوارەکەوە ئاراستەی تیۆری حەتمەییەتی تەکنەلۆجیا کراوە، لەچەند ڕوویەکەوە بخەینەروو:

لەسەرەتای بابەتەکەدا گرنگە ئاماژەیەک بۆ ئەوە بکەین کە زۆربەی هەرەزۆری ڕەخنەکات ئاراستەی گریمانەی چوارەم (گوندی جیهانی) کراوە . لەلایەکی تریشەوە جێی تێبینی (توێژە) بوو کە زۆربەی توێژەرانی بواری گەیاندن تیۆرەکەی ماکلۆهان بە (حەتمییەتی تەکنەلۆجیا) لێک دەدەنەوە، بەڵام هەندێکی تریش بەجۆرێکی تر لێکدانەوە بۆ گریمانەکەی ماکلۆهان دەکەن لەوانە: (علي الدين هلال، ٢٠٢٠م) لەنوسینێکیدا دەڵێت: بەبیروڕای من بۆچوونەکەی ماکلۆهان بەوجۆرە نییە ، چونکە ماکلۆهان ئاماژەی بە ڕۆڵی مرۆڤ لە مامەڵەکردن لەگەڵ تەکنەلۆجیادا

کردووە و ئەو ئەگەرەشی دوورخستۆتەوە کە توانای تەکنەلۆجیا پێش توانای مامەڵە کردنی مرۆڤ بکەوێت، هەروەها تێبینی قۆناغەکانی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاشی لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر کردووە ، واتە ئێمە لە پێشکەوتنە نوێیەکان نزیک دەبینەوە بە هەمان ئەو شێوازەی لەگەڵ کۆنەکان کردوومانە، هاوکات ئەوەشی دووپات کردۆتەوە کە چەندە خەڵک لە کاریگەری و دەرهاویشتەی تەکنەلۆجیا تێبگات ئەوەندە ئاستی تێگەیشتن و پەیبردنی بەهێزتر دەبێت، دواجاریش توانای کۆمەڵگە بەهێزتر دەبێت بۆ دەستبەراگرتنی تەکنەلۆجیا، ماکلۆها بەڕوونی ئەوە دووپات دەکاتەوە کە چەندە خەڵک لەلایەنە نەرێنییەکانی تەکنەلۆجیا شارەزا ببێت ئەوەدە ئەتوانێت ڕووبەڕووی ببێتەوە، ماکلۆهان دەڵێت "ئەگەر بزانیین تەکنەلۆجیا چۆن کۆمەڵگەکانی دەوروبەرمان درووست دەکات، ئەوکاتە دەتوانین بەسەر دەسەڵات و حەتمیەتەکەیدا زاڵ ببین" (هلال) وێرای ئەم بۆچوونە، هاوکات چەندین ڕەخنەی ئاراستەی تیۆری (حەتمییەتی تەکنەلۆجیا) کراوە لێرەدا هەندێک لە ڕەخنانە دەخەینە ڕوو: (ڕیتشارد بلاک) یەکێکە لەو زانایانەی زۆرترین ڕەخنەی لەم تیۆری (حەتمیەتی تەکنەلۆجیا) گرتووە ، ،ئەو دەڵێت: دەستەواژەی گوندی جیهانی کە ماکلۆهان ناوزەندی کردووە لەجیهانی ئەمرۆدا هیچ بوونێکی نەماوە ، لەم بارەیەوە بلاک دەڵێت: ئەو پێشکەوتنەی ماکلۆهان پشتی پێبەستووە لە ناونانی (گوندی جیهانی)یدا کە بەردەوام لەپێشکەوتندا بووە، هەر ئەم پێشکەوتنە بووەتە هۆی تێکشاندنی گوندە جیهانیەکە و پارچەپارچەی کردووە، بەڵکو ئێستا جیهان لە بینایەک دەچێت کە دەیان شوقەی نیشتەجێبوونی تێدایە خەڵکێکی زۆر تێدا دەژین و بەڵام هەریەک بە جیاو دوورەپەرێز لەویتر دەژین و هیچ لەبارەی ئەو دراوسێیانەیانەوە نازانن کە لەهەمان بینادا دەژین (حيدر فالح زايد، ٢٠٢٠م، ص٧) . بلاک ئەوە دووپات دەکاتەوە کە ئەو گوندەی ماکلۆمان لە شەستەکانی سەدەی رابووردوودا باسی لێوەدەکرد و باسی تەواوبوونی دەکرد لەکۆتایی سەدەکەیدا، لەکۆتایی نەوەدەکاندا هەلومەرجی بوونی نەماوە، چونکە ئەو گوندە جیهانییەی لە خەیاڵدانی ماکلۆها)دا هەبوو بەهۆی پێشکەوتنی خێرای تەکنەلۆجیاوە بوو، لەئیستاشدا هەر ئەو پێشکەوتنە بووەتە هۆی تێکشکانی گوندەکە و پارچە پارچەکردنی، ( بداني فؤاد، ٢٠١٤م، ص١١٨. )

لێرەدا بۆ تێگەیشتن لەوتەکەی (ریتشارد بلاک) گرنگە سەرەنجی پەیوەندی نێوان ئەندامانی یەک خێزان و پەیوەندی ئەوانیش لەگەڵ کۆمەڵگەدا بدەین بۆ ئەوەی لەوە تبگەین کە ئەم پێشکەوتنەی تەکنەلۆجیا لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە چەند بووتە هۆی بەشبەشکردنی پەیوەندی نێوان خەڵکەکە بەگشتی و دوورکەوتنەوەیان لەیەکتر، هاوکات وەرچەرخانیشی دروست کردووە لە لەژیانی ئاساییەوە بۆ ژیانێکی گریمانەیی کە ئەگەری هەیە "چەندین گرفتی تەندروستی و دەروونی و کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا بهێنێت، کە ئەمەش دژ دەوەستێتەوە لەگەڵ ئەو ئامانجیەی راگەیاندن کە زۆربەی توێژینەوەکان پشتراست کردۆتەوە" ( بداني فؤاد، ٢٠١٤، ص١١٨). هەروەها بلاک ئاماژەشی بۆ ئەوە کردووە کە لە ئیستادا جیهان زیاتر لە باڵەخانەیەکی گەورەو زەبەلاح دەچێت کە لەچەندین یەکەی نیشتەجیبوون پێکهاتووە و هەر دانیشتوانێکی بەجیا و دوور لەوی تر دەژی، هیچ لەبارەی دراوسێکەیەوە نازانێت، هەرچەندە لەهەمان باڵەخانەشدا دەژین. (بلاک) ئەوەش دەخاتە ڕوو کە نەک هەر ئەم گوندە جیهانییە لەرووی ئاوێتەبوونی کەلتووری دروست نەکردووە بەڵکو جیهانی کردووە بە هەزاران پارچە و جەمسەرەوە و هەرجەمسەرێکیش ئامرازی تایبەت بەخۆیان هەیە ئەو زمانەش بەهێز دەکات کە بۆ پەیوەندییەکانی خۆی گونجاوە، بەم جۆرەش زیاتر جیاکاری و جیاوازی لەنێوان خەڵکدا دروست بووە، لەجێی ئەوەی هاوبەندی کۆمەڵایەتی و ئاوێتەبوون لەنێوان دانیشتووانی تەوەیەک بچەسپێنێت. (حسن عماد المكاوي، ليلىحسين السيد، ١٩٩٨م ، ص ٢٧٩) .

زۆرێک لە ڕەخنەگران و توێژەران پێیانوایە ماکلۆمان لەم گریمانەیەدا "بەڵگەیەکی ئەوتۆی نەخستۆتە روو، بەڵکو تەنها پشتی بە نمونە مێژووییەکان بەستووە کە مێژووش نموونە لەسەر هەمووشتێک باس دەکات، بەڵام بەڵگە ناهێنێتەوە بۆ ئەو نمونە پێچەوانانەی کە تیۆری (حەتمییەتی تەکنەلۆجیا) پێشکەشی کردووە، ئەوەی کە پێشکەوتنی چاپەمەنی لەرۆژئاوادا بوەتە پاڵپشتێک بۆ تاکگەرایی و هەستانەوە ، بەڵام لە وڵاتی چین بووەتە هۆی کۆکردنەوەی بەهێزکردنی مەعریفە وتواناکانیان"(اريك ميغريه ، ص٢٨ . نقلاً عن : بداني فؤاد ، ٢٠١٤م ، ص١١٩) .

لەلایەکی تریشەوە خاوەنی کتێبی (خرافه القريه الكوكبيه) کە لە لایەن ( باتریک بورتر) نووسراوە و لەلایەن (محمد الخولی) شیکردنەوەی بۆ کراوە قسە لەسەر ئەو گوزارشتەی (ماکلۆمان) دەکات کە (جیهان دەبێتە گوندێکی ئەلکترونی) خاوەنی کتێبەکە ئەیەوێت باسی ئەو مەترسییە دەکات کە بەهۆی کوورت بوونەوەی پانتایی بەشەکانی گوندەکەوە ڕێگای گەیشتنی دوژمن بۆ ئامانجەکەی ئاسان دەکات، لەکاتێکدا کە پێشتر ئەم ڕێگایە ئەوەندە ئاسان نەبووە ئەمەش بووەتە هۆی دروستبوونی ترسێکی بەردەوام لەلای ولاتی رۆژئاوا ( باتریک بورتر) چەند پرسیارێک دەکات : ئایا تەکنەلۆجیا دەتوانێت پانتاییەکان یان دوورییەکان نزیک بکاتەوە؟ . ئایا ئەو بیروباوەڕە باوە ڕاستە کە بەهۆی جیهانگیریی و پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاوە جیهان بچووک بوەتەوە (گرژبووە)؟ لەوەڵامی پرسیارەکەیدا نووسەری کتێبەکە بۆخۆی وەڵام دەداتەوە ، کە ڕاستە لەکاتی ئاشتی و ئاسایشدا ئەم گوندە باشترین ڕێگایە بۆ گواستنەوەی شتومەت و مرۆڤەکان بۆ دوورترین جێگا، بەڵام لەکاتی جەنگ و ململانێی نێوان دانیشتووانی ناو ئەم گوندە ، زۆر بەخێرایی، ئەوەندە بەربەستی گەورە بۆ ئەو گوندە دروست دەبێت کە بەبێ هەوڵ و تێچوونی زۆر گەورەو خەسارەتی زۆر لە ماڵ و سەروەت نەبێت تێپەر نابێت (محمد الخولي، ٢٠١٦م https://www.albayan.ae/opinions/books/2016-06-08-1.2656454) .

هاوکات لەگەڵ دژایەتی کردنی ئەم گوندە جیهانییەدا باس لەوەش کراوە کە کاتی ئەوە بەسەر چووە کە بوترێت دووریی و پانتاییەکانی دەریا و وشکانی بەهۆی تەکنەلۆجیای زانیارییەوە کوورت ببنەوە ، بەڵکو دەکرێت بڵێین هەموو ئەم نوێگەرییانە لەڕاستیدا دەتوانن دووری نێوان گەرەکەکانی گوندەکە نزیک بکەنەوە، لەهەمان کاتیشدا دەکرێت ئەم تەکنەلۆجیایە بکرێت بەبەربەستێک کە هیچ ڕێگایەک نەبێت بۆ دزەپێکردنی ، جگە لەوەش دەتوانرێت وردی بەکاربهێنانەکەی قۆرخ

بکرێت بۆ بەکارهێنانی سەربازی (محمد الخولي، ٢٠١٦م). دەتوانرێت نمونەی ئەمەش لە ڕووداوی ( ١١ ی سێبتەمبەر)دا بەرجەستە بکرێت، کە بەئاسانی نەیارەکانی ئەمریکا گەیشتنە ناوەراستی وڵاتەکە و بووە هۆی دروستبوونی ڕووداوێکی مێژووی گەورە. هەندێک باوەڕیان وایە ئەم جیهانگیرییەی کە تایبەتمەندیەکەی ئەوەبوو جیهانی کرد بە گوندێک، بگوڕدرێت بۆ بەڵایەک یان نەفرەتێک کە ڕوداوی گەورە و چاوەروان نەکراو بخولقێنێت، هاوکات ئازادییەکان لەناوببات یان کۆمەڵگەکانی ناو گوندەکە تووشی حاڵەتی هستریا بکات، ئەمەش لەڕێی ڕەفتاری سیاسییەکان یان بڕیاری ژەنراڵەکان هەروەها بۆچوونی خەڵک و میللەتانەوە، کە ئەمانەش جێگەی گفتوگۆی هاوسەنگی ناو گوندە جیهانییەکە دەگرنەوە (محمد الخولي، ٢٠١٦م).

هاوکات (ماکلۆمان) بەڕووی ئەو ِ◌ەخنەگرانەشدا دەوەستێتەوە کە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە میدیای نوێ خۆی لەخۆیدا ئامرازێکی باش یان خراپ بێت، بەڵکو شێوازی بەکارهێنانەکەی ڕادەی باشی و خراپی دیاری بکات، بەڵکو ماکلۆمان پێشنیازی ئەوەی کردووە کە لەجێی ئەوەی بیر لەمە بکەینەوە باشتر وایە بیر لە سروشت و شێوەی میدیای نوێ بکەینەوە، چونکە ناوەرۆکێکی لاوازی تەلەفزیۆن پەیوەندی نییە بەو گۆرانکارییانەی کە دەیکات، بەهەمان شێوە لەوانەیە کتێبێک بریتی بێت لە بابەتێکی بێسوود یان کلاسیکی، ئەمەش پەیوەندی نییە بە شێوازی خوێندنەوەکەی، لەبەر ئەوە ئەو پێی وایە کە "پەیامی سەرەکی تەلەفزیۆن هەر تەلەفزیۆنە و پەیامی کتێب هەر کتێبە، ماکلۆمان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە ئەو گوزارشتەی کە دەڵێت مرۆڤ دەتوانێت ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆ خێرو بۆ شەڕ بەکاری بهێنێت بیروڕایەکی بێمانایە" (WASTON Maine, 190, p٩٦ . نقلاً عن: تواتي نورالدين ٢٠١٣م ، ص١٨٤) .

## بەشی چوارەم

### گفتوگۆی دەرئەنجام و کۆتایی

لەسەرتای دەستپێکردنی ئەم توێژینەوەیەدا چەند ئامانجێکمان دیاری کرد ، بەڵام لەبەر بایەخی تیۆرەکەو ئەو مشتومەڕە زۆرەی لەبارەی بۆچوون و گریمانەکانی توێژینەوەکەوە هەبوو چەندین ئەنجام بەدەست هاتن چەند ئەنجامێک لە ڕووانگەی بۆچوونی توێژەرانەوە سەرچاوە دەگرێت چەند ئامانجێکیش دەرئەنجامی تێگەیشتنی توێژەرە لە تیۆرەکە و بەراوردکردنێتی لەگەڵ دۆخی ئێستای تەکنەلۆجیای ڕاگەیاندا ، لەوانە :

لەسەرەتادا ئەو ئەنجامانە دەخەینە ڕوو کە لە شیکردنەوەی گریمانەکانی تیۆرەکەوە سەرچاوە دەگرن :

لە گریمانەی یەکەمدا: ئامرازەکانی کۆمینیکەیشن درێژکراوەی هزر و هەستەوەرەکانی مرۆڤن:

ماکلۆمان پێیوابووە کەخەڵک لەگەل بارودۆخی ژینگەکەیاندا لەهەموو سەردەمێکدا ڕادێن ئەوەش لەڕێی هەستەوەرەکانی خۆیانەوە کە پەیوەندیدارن بە جۆری ئەو ئامرازە میدیاییەی بەکاردێن ، ئەوەشی خستۆتە ڕوو کە سروشتی ئامرازەکانی گەیاندن لەهەموو قۆناغەکاندا زیاتر کاریگەریان هەبووە هەتا ناوەرۆکی پەیامەکان، لەسەر ئەم بیروڕایە قۆناغەکانی گەشەکردنی مرۆڤایەتی و پێشکەوتنی کرداری (کۆمیونیکەیشن)ی بەسەر چوار قۆناغی سەرەکیدا دابەش کردووە . بە بەراورد لەگەڵ پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆجیایی سەردەم و بەپێی ئەو زانیارییانەی دەربارەی ئەم تیۆرە هاتوون دەکرێت بڵێین بۆچوونەکەی ماکلۆمان لەبارەی ئەوەی کە داهێنانە تەکنەلۆجییە گرنگەکان کاریگەری بنەرەتی لەسەر کۆمەڵگەکان دادەنێن، بەهەمان شێوە تیۆرەکە هاوڕایە لەگەڵ ئەو دیمەنانەی لە دۆخی ئەمڕۆدا دەبینرێت، چونکە وەرچەرخانی بنچینەی لە تەکنەلۆجیادا بوار دەرەخسێنن کە وەرچەرخانی گەورەی تر ڕووبدات نەک تەنها لە ڕێکخستن وسیستمی کۆمەڵایەتییدا بەڵکو لە بوارە هەستیارەکانی دیکەی مرۆڤایەتیشدا، هاوکات بە بیروڕای (ماکلۆمان)یش ، سیستمی کۆمەڵایەتی ناوەرۆکی میدیایی دیاری دەکات. جێی تێبینی توێژەر بوو کە بۆچوونەکەی (ماکلۆمان) لەبارەی (حەتمییەتی تەکنەلۆجیا) کە بە (مێژووی مرۆڤایەتی) ناوزەندی کردووە، تا ڕادەیەکی ئەوتۆ نەکەوتۆتە بەر ڕەخنەو تێبینی توێژەرانی دووای خۆی، بەڵام بیرمەندان بۆچوونی جیاوازیان هەبووە بۆ نمونە (کارڵ مارکس ) (حەتمییەتی ئابوری) بەمێژووی مرۆڤایەتی چوواندووە، بەهەمان (فرۆید) بیروڕای وابووە کە(جنس) رۆڵکی سەرەکی هەیە لەژیانی تاک و کۆمەڵدا.

لە گریمانەی دووەمدا: (ئامرازەکان پەیامن): ماکلۆمان بەڕاشکاوی باسی لەوە کردووە کە سروشتی ئامڕازەکان نەک ناوەرۆکی پەیامەکان هۆکاری بنەرەتین بۆ درووسبوونی کۆمەڵگەکان، بەڵام هەندێک لە توێژەران پێیان وایە کە ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن جۆری گەیاندن وکاریگەرییەکانی دیاری دەکەن ، بەڵام ماکلۆمان بەڕوونی ئەوەی ڕاگەیاندووە کە پەیام بۆخۆی ئامرازیشە، چونکە سروشتی ئامڕازەکانی گەیاندن کۆمەڵگە وابەستە دەکەن زیاتر لەوەی ناوەرۆکی پەیامەکە وابەستەیان بکات (حیدر فالح زاید، ٢٠٢٠، ص٣). وادەردەکەوێت کە تیۆرەکەی ماکلۆمان بایەخی یەکەمی بە جۆری ئامرازەکانی گەیاندن داوە، کە مەترسی ئەو ئامرازانانە لە سەدەی نوێدا پەرەدەسەنێت، بەجۆرێک دەتوانێت شوێن هەموو دۆخەکان بکەوێت و دەستبەسەر هەموو ژیانی مرۆڤدا بگرێت، بەجۆرێک لەئەمرۆدا پەیام بووەتە یەخسیری ناوەندە میدیاییەکان کە بچوکی دەکەنەوە و گەورەی دەکەن هەرچۆنێک بیانەوێت، بەبۆچوونی ئەو پەیام لەناو ئامرازەکەیدا دەتوێتەوە،جێی ئاماژە پێکردنە کە ئەو ژینگەیەی ئەمرۆ کە لەدەرئەنجامی بەکارهێنانی میدیای نوێدا پەیەیدا بووە هەندێک لەو ڕاستییانە دەخاتە روو کە (ماکلۆمان)پێش نووسەدە ئاماژەی پێکردووە. لەم توێژینەوەیەدا ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە (ماکلۆمان)هەمیشە هەوڵی ئەوەی داوە کە پەیوەندی نێوان مرۆڤ وتەکنەلۆجیا بخاتەڕوو بەڕوونی باسی لەوە کردووە کە پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا لەهەموو سەردەمێکدا، خاڵی دەستپێکردنی دووبارە ڕێکخستنەوەی کۆمەڵایەتیە لە ڕووی پەیوەندی نێوان خەڵکەکە هەروەها پیوەندی نێوان دامو دەزگاکان چونکە هەموو پێشکەوتنێکی تەکنەلۆجی دەرخستەی تایبەت بەخۆی هەیە و دواجاریش کاریگەری لەسەر هەڵسوکەوتی مرۆڤ دەکات شێوازی پشتبەستنی مرۆڤ بە هەستەوەرەکانی دەگۆڕێت هاوکات شێوازی بیرکردنەوەی و تێگەیشتنی لە دەوروبەری دەگۆڕێت. ئەو گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە ناسنامەی هەر سەردەمێک پەیوەستە بەڕادەی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا لەو سەردەمەدا (علي الدين هلال، ٢٠٢٠م ) .

بۆچونەکەی (مارشاڵ ماکلۆهان) وبەراورد کردنی لەگەڵ دۆخی ئێستای بەکارهێنەرانی تەکنەلۆجیایی ڕاگەیاندندا، ئەوە بە ڕوونی دەبینرێت کە ناکرێت (ناوەڕۆکی) دەزگا میدیاییەکان بەتەنها وبەجیا دوور لە تەکنەلۆجیای ئامرازە میدیاییەکان تەماشابکرێن، چونکە چۆنێتی وشێوازی بەرکەوتنی کەناڵە میدیاییەکان بۆ بابەتەکان و ئەو جەماوەرەی پەیامەکەی بۆ دەنێرن کاریگەرییان هەیە لەسەر گوتاری کەناڵەکان .

لە گریمانەی سێیەمدا کە ئامرازەکان دابەشدەکات بۆ ئامرازی (گەرم وسارد)، مارشاڵ ماکلۆهان لەم تیۆرەدا جگە لەوەی کە قۆناغەکانی گەشەرکردنی تەکنەلۆجیای دابەشکردووە ، لەئاستێکی دیکەشدا ئەوەشی خستۆتە ڕوو کە ئەم جۆرە لە ڕاگەیاندنانەش گۆرانکاریان بەسەرداهاتووە لەگەیاندنیکی گەرمەوە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆ و کاریگەر و ئاوێتەیی بە نێرەر و وەرگرەوە هەیە بۆ ڕاگەیاندنێکی سارد کەپەیوەندیەکی ناڕاستەوخۆی هەیە (بداني فؤاد، ٢٠١٤م، ص١١٥)، لەراستیدا بابەتی جیاکردنەوە و ناساندنی ئامرازی (گەرم و سارد) لە سایەی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیای زانیاری و کۆمیونیکەیشن و لەئەمرۆدا شتێکی ئاسان نییە، وەک توێژەرێکی بواری میدیا و بۆ بابەتی ئەم توێژینەوەیە زۆر گەرام و سەرچاوەی زۆرم خوێندەوە، سەبارەت بە جیاکردنەوەی ئامرازی گەرم و سارد لەکۆتاییدا لای زۆربەیان ئەم جیاکردنەوە بۆ ئەم سەردەمە جێی پرسیاربوو، بۆ نمونە ئامراز هەیە لەسەردەمی ماکلۆهاندا ئامرازێکی گەرم بووە بەڵام لە ئێستادا کەوتۆتە نێوەندێکی گەرم و ساردەوە، یان پێچەوانەکەیەتی .

بەکورتی، ئەوەی لە بۆچوونە سەرەکیەکەی ماکلۆهانەوە دەردەکەوێت ئەوەیە کە ئامرازە گەرمەکان زۆر ڕوون و ئاشکران و هەموو داتا و زانیارییەکان بەڕوونی دەخەنە بەچاوی وەرگر، بەمەش ڕێژە و رادەی بەشداریکردنی هەستەوەرەکانی وەرگر کەم دەکەنەوە، هاوکات ئامرازە ساردەکانیش بەپێچەوانەی گەرمەکانەوە ڕادەو ڕێژەی ڕوونی داتاو زانیارییەکان کەمترە لەبەر ئەوە پێویستی بە بەشدارییەکی زۆر گەورەی بەشداریکردنی هەستەوەرەکانی وەرگر هەیە بۆ ئەوەی پەیامەکەی پێ بگات. بەپێی بۆچوونەکەی ماکلۆهان ئامرازەکانی کۆمیونیکەیشن پێکهاتەی کۆمەڵگەکان دەگۆڕن، لەکاتی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و گۆڕانکاری لە بەکارهێنانی ئامرازەکانی کۆمیونیکەیشن لە ئامرازێکەوە بۆ ئامرازێکی تر فشارێکی گەورە لەسەر کۆمەڵگە دروست دەبێت، ئەم دیاردەیەش جیهان بچووک دەکاتەوە بۆ (گوندێکی جیهانی). (لە گریمانەی سێیەمد بە فراوانی باسمان لە ئامرازی ساردوو گەرم کردووە) .

گریمانەی چوارەم، باس لە دەستەواژە بەناوبانگەکەی (گوندی جیهانی - گوندی هەسارەیی)، دەکات کە زۆرترین باس وخواستی لەسەر بووە بەتایبەتی لەلایەن توێژەرانی سەردەمی خۆی وهاوچەخیشەوە زۆرترین ڕەخنەی ئاراستە کراوە . (لە بەشی سێیەمدا ئاماژەمان بۆ کردوە). جێی ئاماژە پێکردنە ئەو چاودێریی کردنەی(ماکلۆهان) بۆ پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا ئەوەی لەلا درووست کردوبوو کە لەکۆتایی پێشکەوتنەکەدا (گوندێکی جیهانی) درووست دەبێت، خواست و پێداویستییەکانی مرۆڤ تیایدا هاوشێوە دەبن، لەم گوندەدا خەڵک لە هەرشوێنێکی سەر ڕووی زەوی بێت دەتوانێت ئاڵوگۆری بیروراو بیرو بۆچوونەکانیان بکات .

بەڵام لەوەڵامی ئەو پرسیارەی کە : ئایاجیهان بووەتە گوندێک؟ لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەدا دەرکەوت کە بەهۆی ئەو جیاوازییە زۆرەی لە نێوان گوندێکی ڕاستەقینەو گوندێکی گریمانەییدا هەیە ناتوانرێت بەم گوندە گریمانەییە بوتریت سیماو تایبەتمەندی گوندی تێدایە چونکە هیچ کەس ناتوانێت سیمای کۆمەڵایەتی و کەلتوری ئەم گوندە گریمانەییە دیاری بکات بەهۆی ئەوەی توێژە کۆمەڵایەتیەکانی ناو ئەم گوندە زۆرجیاوازن لە توێژەکانی ناو گوندە راستەقینەکەدا چونکە لەگوندە جیهانییەکەدا بەهای خودێتی و تاکگەرایی زیاتر زاڵە هەتا لە گوندە ڕاستەقینەکەدا، (جیاوازییەکان بەفراوانی لە گریمانەی چوارەمدا ئاماژەمان پێکردووە)

لەوباوەڕەدام ئەوەی کەبۆچوونی ڕخنەگرانی (گوندە جیهانییەکە) بەهێز دەکات ئەوەیە کە ئەوان پێیان وایە ماکلۆهان بۆ ئەم گریمانەیە بەڵگەیەکی ئەوتۆی نەخستۆتە ڕوو، بەڵکو پشتی بە نمونە مێژووییەکان بەستووە کە مێژووش نموونە لەسەر هەمووشتێک باس دەکات، بەڵام بەڵگە ناهێنێتەوە بۆ ئەو نمونە پێچەوانانەی کە تیۆری حەتمییەتی تەکنەلۆجیای پێشکەشی کردووە کە پێشکەوتنی چاپەمەنی لەڕۆژئاوادا بوەتە پاڵپشتێک بۆ تاکگەرایی و هەستانەوە ، بەڵام لە وڵاتی چین بووەتە هۆی کۆکردنەوەی بەهێزکردنی مەعریفە وتواناکانیان . بەڵام نزیک لەبۆچوونەکەی (ماکلۆهان) ئەگەر بڵێین: بەرجەستەکردنی جوگرافیایەک کە لە گوندێکی گەردوونیدا دەستکەوتی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنە کە دەتوانێت دۆخێکی میدیایی وادروست بکات زۆرجار جێگەی جوگرافیا ڕاستەقینەکە بگرێتەوە. دەبینین رۆژ بەرۆژ ژمارەی ئەو خەڵکە زۆرتر دەبن کە دەچنە ناو ئەم جیهانە گریمانەییەوە، ئەگەر بەم شێوەیەش بەردەوام بێت ئەگەری ئەوە هەیە خەڵکێک هەبن ژیان لە جوگرافیایەکی ڕاستەقینەوە بگوازنەوە بۆ جوگرافیایەکی گریمانەیی کە دۆخێکی نوێیە و بەتەواوی لەژێر دەسەڵاتی خۆیدایە زۆربەی خواستە مەعنەوییەکانی بۆ بەدی دەهێنێت ئیتر لە شاشەیەکی کۆمپیوتەر یان مۆبایلێکەوە سیستمی ژیانی خۆی ڕێک بخاتەوە .

خاوەنی تیۆری حەتمییەتی تەکنەلۆجیا (مارشاڵ ماکلۆهان)، وەک شۆڕشێک باس لە بایەخی ڕۆڵی لەڕادەبەدەری ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن لەسەر تاک کۆمەڵگەکان دەکات بەگشتی، ئیتر هەرجۆرێک بێت لە ئامرازەکانی وەک (نووسراو، خوێنراو، بینراو، ئاوێتەیی)، هاوکات لە دۆخی ئێستاشدا دەبینین بەتایبەتی میدیای ئینتەرنێتی شۆرشێکی گەورەی بەرپاکردووە و جیهانی کردۆتە گوندێک یان شاشەیەکی مۆبایل . ڕاستە کە شۆڕشەکان بزوێنەرێکی بەهێزی گۆرانی کۆمەڵایەتی بوون لە مێژوودا، بەڵام پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا لە دیارترینی ئەو بزوێنەرانەیە ، چونکە هەروەک توێژەران ئاماژەی بۆ دەکەن گۆرانی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی هەڕەمەکی ڕوونادات بەڵکو ملکەچی هۆکارە بابەتییەکانە و هۆکار و یاسا و ڕێکاری خۆی هەیە ، لەبەر ئەوە زۆربەی ئاڕاستەکانی توێژینەوەکان بایەخ بەو پەیوەندییە دەدەن کە نێوان ئامرازەکانی گەیاندن و تەکنەلۆجیای نوێ و دیاردەی گۆرانی کۆمەڵایەتیدا هەیە، بەتێبینی کردنی کاریگەری دیار و نادیاری ئەم ئامرازانە لەسەر تاک و کۆمەڵ .

لەم توێژینەوەیەدا و لەڕووانەگەی بۆچوونی توێژەرانەوە ، تیۆری حەتمییەتی تەکنەلۆجیا لە باشترینی ئەو تیۆرانەیە کە پەیوەندی نێوان

پێشكەوتنی تەكنەلۆجیا و پێشكەوتنی كۆمەڵایەتی شیكردۆتەوە، هەروەها بڕبڕەی پشتی ئەو تیۆرانەیە كە دەربارەی كاریگەری میدیا نوسراونەتەوە ، ئەوەش لەڕێی وەلامدانەوەی ئەو پرسیارەی كە (مارشاڵ ماكلۆهان) بەچ شێوەیەک بابەتی گۆڕانكاری كۆمەڵگەیی بەحەتمییەتی تەكنەلۆجیاوە بەستۆتەوە: ئایا ماسی هەست بەوە دەكات كە لەناو ئاودایە و تەڕبووە؟، هەرخۆی لەوەڵامی پرسیارەكەی داوەتەوە: نەخێر نازانێت، چونكە لەناو ئاوەكەدا نوقم بووە، تەنها ئەوكاتە هەستی پێ دەكات كە لەئاوەكە دەهێنرێتە دەرەوە ، لەم نمونەی (ماكلۆهان)ەوە ، ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت كە بارودۆخی پەیوەندی خەڵک بە میدیاوە بووەتە شتێكی حەتمی چونكە میدیا لەهەموو شتێكی ڕۆژانەماندا بوونی هەیە و ژیانی بەكاربەرانی داپۆشیوە بەجۆرێک كە هەستی پێ ناكرێت، تا ئەو ڕادەیەی كە ژیان بەبێ بەكاربردنی میدیا شتێكی ئەستەمە . لەبەر بایەخی تیۆری (حەتمییەتی تەكنەلۆجیا)، پێشنیار دەكەم لەدوای ئەم توێژینەوەیە، توێژەرانی تر لەچەند لایەنێكی ترەوە ئەم تیۆرە بخەنە بەر باس و لێكۆڵینەوەی زانستی .

لیستی سەرچاوەكان:


١. معجم عربي عربي، تعريف و معنى "النظرية" في معجم المعاني الجامع - معجم عربي عربي، متاح على الرابط: https://www.almaany.com/ar/dict/ar-ar/%D8%A7%D9%84%D9%86%D8%B8%D8%B1%D9/%8A%D8%A9

٢. منال هلال مزاهرة، نظريات الاتصال، دار المشرية، الأردن، ٢٠١٢م، ص ١٦٢.

٣. عبدالرزاق الدليمي، نظريات الإتصال في قرن الحادي والعشرين، الطبعة العربية ٢٠١٦، دار اليازوري العلمية للنشر والتوزيع، عمان – الأردن، ٢٠١٦م ، ص٥.

٤. عبدالرزاق الدليمي، المصدر نفسة، ٢٠١٦م ، ص٢١.

٥. رندا بوسعيد، التغير الاجتماعي والحتمية التكنولوجية لوسائل الإعلام، جامعة الجلفة. قراءة في نظرية مارشال ماكلوهان، دراسة منشورة في مجلة سوسولوجيا، بدون سنة، ص ٤٠. يوم زيارة الموقع /٢٠٢١/٨/١٢ ، من خلال الرابط: https://www.asjp.cerist.dz/en/article/64043

٦. بوعلي نصير، مفاهيم نظرية الحتمية القيمية في الاعلام عند عبدالرحمن العزي: مقاربة نقدية، مجلة المستقبل العربي، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، لبنان، العدد ٤٤٢، ٢٠١٤، ص ٨٩.

٧. رندا بو سعيد ، التغير الاجتماعي والحتمية التكنولوجية لوسائل الإعلام ، مصدر سابق، ٢٠١٧م ، ص ٤١.

٨. ٨.لەيلیک، تەكنەلۆجیای زانیاری چییە، بلۆگی لائیق، ڕۆژی بڵاوكردنەوەی ٢٠١٤/٨/٧م، ڕۆژی سەردانیكرن: ٢٠٢١/٨/١/ لەڕێی بەستەری : https://layik.wordpress.com/2014/08/07

٩. السيد عوض ، التطور التكنولوجي والجريمة، ورقة بحثية ، مؤتمر الرابع والثلاثون، قضايا السكان و التنمية، المركز الديمجرافي، القاهرة، ١٩-٢٢ ديسمبر ، ٢٠٠٤م ، ص٥. دراسة منشور على موقع الجغرافيا، دراسات وابحاث الجغرافية، يوم زيارة الموقع ٢٠٢١/٩/١٠: من خلال الرابط : http://swideg-geography.blogspot.com/2018/03/blog-post_38.html#.YULO-44zbIU

١٠. رندا بوسعيد ، التغير الاجتماعي والحتمية التكنولوجية لوسائل الإعلام ، مصدر سابق ، ٢٠١٧م ، ص٤٠ .

١١. عزت السيد احمد ، الثورة التكنولوجية وأثرها على تغير القيم، مجلة جامعة ديمشق، المجلد ٢٩، العدد ٣+٤، ٢٠١٣م، ص ٤٥٢.

١٢. عزت السيد احمد، الثورة التكنولوجية وأثرها على تغير القيم، المصدر نفسه، ص ص ٤٥٢-٤٥٣

١٣. رندا بوسعيد، التغير الاجتماعي والحتمية التكنولوجية لوسائل الإعلام ، مصدر سبق ذكره، ٢٠١٧م، ص٤٠

١٤. تواتي نور الدين، ماكلوهان مارشال، قراءة في نظرياته بين الأمس و اليوم، جامعة الجزائر، مجلة العلوم الانسانية والاجتماعية ، العدد العاشر، مارس/ ٢٠١٣م / ص١٧٧

١٥. رندا بوسعيد، التغير الاجتماعي والحتمية التكنولوجية لوسائل الإعلام، مصدر سبق ذكره، ٢٠١٧م، ص٤٤

١٦. KERCKHOUE, De (Derricle), D'œil à oreil, la nouvelle Mediation (galaxie, Paris, Denoël -Goutier, coll), 1977, p 22. نقلاً عن: تواتي نورالدين، ماكلوهان، مارشال، ص١٧٩.

١٧. علي الدين هلال، ماكلوهان، وأفكار مستقبلية عمرها ٥٠ سنة، مقال نشر في (بوابة الأهرام)، تاريخ النشر ٢٠٢٠/٨/٣٠، تاريخ زيارة البوابة ٢٠٢١/٨/٢٧ على الرابط: https://gate.ahram.org.eg/News/2455850.aspx

١٨. علي الدين هلال، ماكلوهان، وأفكار مستقبلية عمرها ٥٠ سنة، المصدر السابق، ٢٠٢٠م .

١٩. تواتي نورالدين، ماكلوهان، مارشال: قراءة في نظرياته بين الأمس و اليوم، مجلة العلوم الانسانية والاجتماعية ، العدد العاشر/مارس ٢٠١٣، ص ١٧٩ . رابط المجلة على الإنترنيت: https://dspace.univ-ouargla.dz/jspui/bitstream/123456789/6237/1/S1011.pdf

٢٠. رندا بوسعيد، التغير الاجتماعي والحتمية التكنولوجية لوسائل الإعلام، مصدر سبق ذكره، ٢٠١٧م ، ص٣٧

٢١. بداني فؤاد، حتمية ماكلوهان لفهم قيمية عزي عبد الرحمن، جامعة سعيدة ، نشر في مجلة الدراسات والبحوث الإجتماعية، جامعة الوادي، العدد الرابع- جانفي ٢٠١٤م،

ص١١٧. نقلاً عن: محمد عبد الحميد ، بحوث الإتصال و اتجاهات التأثير، عالم الكتب، القاهرة ، ١٩٩٧م، ص ٣٥.

٢٢. حسن عماد المكاوي، ليلىحسينالسيد، الإتصال ونظرياته المعاصرة، ط١، الدارالمصرية اللبنانية، اوكتوبر/١٩٩٨، ص ٢٧٥. .

٢٣. جيهان رشتي، الأسس العلمية لنظريات الإعلام، دار الفكر العربي، القاهرة، ط ٣ ، ١٩٨٦، ص٦٠.

٢٤. منال هلال المزاهرة ، "نظريات الإتصال"، الطبعة الأولى ، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة ، الأردن، ٢٠١٢م، ص ص٣٦١- ٣٦٣. نقلاً عن :(حرطاني كريمة، بعلباس رجاء) تمثلات حارس البوابة في بيئة الإعلام الجديد، مذكرة لنيل درجة ماجستير في علوم الإعلام والإتصال، جامعة عبدالحميد بن باديس – مستغانم- (٢٠١٨م- ٢٠١٩م)، ص ص ٥٥- ٥٦ .

٢٥. حرطاني كريمة ، بعلباس رجاء، تمثلات حارس البوابة في بيئة الإعلام الجديد، مذكرة لنيل درجة ماجستير في علوم الإعلام والإتصال، جامعة عبدالحميد بن باديس – مستغانم- (٢٠١٨م- ٢٠١٩م)، ص ٥٦.

٢٦. حيدر فالح زايد، نظرية الحتمية التكنولوجية، نظريات التأثير، كلية الاعلام، ٢٠٢٠ ، ص٣ .

٢٧. تواتي نورالدين، ماكلوهان، مارشال: قراءة في نظرياته بين الأمس و اليوم، جامعة، مجلة العلوم الانسانية والاجتماعية، العدد العاشر/مارس ٢٠١٣، ص ص١٨٤-١٨٥. رابط المجلة على الإنترنيت: https://dspace.univ-ouargla.dz/jspui/bitstream/123456789/6237/1/S1011.pdf

٢٨. علي الدين هلال، ماكلوهان، وأفكار مستقبلية عمرها ٥٠ سنة، المصدر السابق ٢٠٢٠م .

٢٩. علي الدين هلال ، المصدر نفسه ، ٢٠٢٠م .

٣٠. حسن عماد المكاوي، ليلىحسينالسيد، الإتصال ونظرياته المعاصرة، ط١، الدارالمصرية اللبنانية، اوكتوبر/١٩٩٨، ص٢٧٧

٣١. بداني فؤاد، حتمية ماكلوهان لفهم قيمية عزي عبد الرحمن، جامعة سعيدة، نشر في مجلة الدراسات والبحوث الإجتماعية، جامعة الوادي، العدد الرابع- جانفي ٢٠١٤، ص١١٥

٣٢. حسن عماد المكاوي، ليلىحسين السيد، المصدر السابق،١٩٩٨، ص٢٧٧ .

٣٣. باسم الطويسي، علي الكريمي، وآخرون، ٢٠٢٠م ، ص ٢٣.

٣٤. حسن عماد المكاوي ، ليلىحسين السيد، المصدر السابق ،١٩٩٨م ، ص٢٧٧ .

٣٥. حيدر فالح زايد ، نظرية الحتمية التكنولوجية، مصدر سبق ذكره ، ٢٠٢٠ ، ص٣ .

٣٦. باسم الطويسي، علي الكريمي، وآخرون، المصدر السابق، ٢٠٢٠، ص٢٢.

٣٧. حسن عماد المكاوي، ليلى حسين السيد، ١٩٩٨، ص ٢٧٧- ٢٧٨ .

٣٨. باسم الطويسي، علي الكريمي، وآخرون، بئة الصحافة الإلكترونية العربية سياقات التطور وتحدياته، مركز الجزيرة للدراسات، ٢٠٢٠م، ص٢١.

٣٩. باسم الطويسي، علي الكريمي، وآخرون، النصدر السابق، ص٢١.

٤٠. عزام ابو الحمام، وسائل الاتصال في القرية الكوكبية: من جغرافيا الواقع إلى الجغرافيا الافتراضية، مقال، موقع دونيا الوطن، تاريخ النشر ٢٠٠٩/٣/٢١، ص١، تاريخ زيارة الموقع ٢٠٢١/٥/١ ، على الرابط: https://pulpit.alwatanvoice.com/content/print/159988.html

٤١. حسام شاكر، هل صار العالم قرية صغيرة حقا؟ باحث ومؤلف، استشاري إعلامي، كاتب ومحلل في الشؤون الأوروبية والدولية وقضايا الاجتماع والمسائل الإعلامية، موقع الجزيرة ، يوم زيارة الموقع ٢٠٢١/٢/٩، تاريخ النشر ٢٠١٨/١٠/٢٩م، على الرابط. https://www.aljazeera.net/blogs/2018/10/29/%D9%87%D9%84-%D8%B5%D8%A7%D8%B1-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%A7%D9%84%D9%85-%D9%82%D8%B1%D9%8A%D8%A9-%D8%B5%D8%BA%D9%8A%D8%B1%D8%A9-%D8%AD%D9%82%D8%A7

٤٢. عزام ابو الحمام، وسائل الاتصال في القرية الكوكبية: من جغرافيا الواقع إلى الجغرافيا الافتراضية، مقال، موقع دونيا الوطن، تاريخ النشر ٢٠٠٩/٣/٢١ ، ص ص( ٢، ٣) ، تاريخ زيارة الموقع ٢٠٢١/٥/١م، على الرابط: https://pulpit.alwatanvoice.com/content/print/159988.html

٤٣. عزام ابو الحمام، وسائل الاتصال في القرية الكوكبية ، المصدر نفسه ، ٢٠٠٩م ، ص٣ .

٤٤. علي الدين هلال، ماكلوهان .. وأفكار مستقبلية عمرها ٥٠ سنة ، مصدر سبق ذكره ، ٢٠٢٠م .

٤٥. حيدر فالح زايد، الحتمية التكنولوجية ، جامعة ذي قار/ كلية الاعلام ، ٢٠٢٠م، ص٧ .

٤٦. بداني فؤاد، حتمية ماكلوهان لفهم قيمية عزي عبد الرحمن ، مصدر سبق ذكره ، ٢٠١٤م ، ص١١٨ .

٤٧. بداني فؤاد، حتمية ماكلوهان لفهم قيمية عزي عبد الرحمن، المصدر نفسه، ٢٠١٤م، ص١١٨ .

٤٨. حسن عماد المكاوي، ليلىحسين السيد، الإتصال ونظرياته المعاصرة، ط١، الدارالمصرية اللبنانية، اوكتوبر/١٩٩٨، ص ٢٧٩ .

٤٩. اريك ميغريه، سيسيولوجيا الاتصال ووسائل الاعلام : ترجمة (موريس شربل) مؤسسة محمد بن راشد ال مكتوم (ط١)، ص٢٨. نقلاً عن: بداني فؤاد ، حتمية ماكلوهان لفهم قيمية عزي عبد الرحمن ، ص١١٩ .

٥٠. محمد الخولي، خرافة اسمها القرية الكوكبية، نظرية القرية الكوكبية تتعرض للتحدي، مقال لعرض ومناقشة: كتاب (خرافة القرية الكوكبية) من قبل للكاتب باتريك بورتر، الناشر مطبعة جامعة جورج تاون، نيويورك/ ٢٠١٦م، تاريخ نشر المقال: ٢٠١٦/٦/٨م، تاريخ زيارة الموقع: ٢٠٢١/٩/٢٠م، على الرابط: https://www.albayan.ae/opinions/books/2016-06-08-1.2656454

٥١. محمد الخولي، خرافة اسمها القرية الكوكبية، المصدر السابق ، ٢٠١٦ م .

٥٢. محمد الخولي، النصدر نفسه، ٢٠١٦ م .

٥٣. WASTON (Wilfred), du cliché à l'archétype : la foire du sens, Montréal – Paris, Hurtubise- Maine, 190, p 96نقلاً عن: تواتي نورالدين ماكلوهان مارشال . قراءة في نظرياته بين الأمس و اليوم، ٢٠١٣م ، ص١٨٤

٥٤. WASTON (Wilfred), du cliché à l'archétype : la foire ٩٦du sens, Montréal – Paris, Hurtubise- Maine, 190, p نقلاً عن: تواتي نورالدين ماكلوهان مارشال قراءة في نظرياته بين الأمس و اليوم، ٢٠١٣م ، ص١٨٤

٥٥. حيدر فالح زايد، الحتمية التكنولوجية، مصدر سبق ذكره ، ٢٠٢٠م ، ص٣ .

٥٦. علي الدين هلال ، ماكلوهان .. وأفكار مستقبلية عمرها ٥٠ سنة ، مصدر سبق ذكره ، ٢٠٢٠م

٥٧. بداني فؤاد، حتمية ماكلوهان لفهم قيمية عزي عبد الرحمن، جامعة سعيدة، نشر في مجلة الدراسات والبحوث الإجتماعية، جامعة الوادي، العدد الرابع- ٢٠١٤م، ص١١٥ .



الملخص:

تعد نظرية (الحتمية التكنولوجية) من النظريات الحديثة التي طرحت قبل ٥ عقود من قبل العالم الكندي (مارشال ماكلوهان) ، حيث كان للنظرية شهرة كبيرة في الأوساط الإعلام والإتصال، وموضع النقاش والجدل بين الباحثين والمحليلين على مدى التاريخ ، يعتقد (ماكلوهان ): (ان وسائل الاتصال هي امتداد لحواس الإنسان، وان الوسيلة هي الرسالة، وهناك وسائل الاتصال الساخنة ووسائل الاتصال الباردة، وان التطورالتكنولجي يجعل العالم قرية كونية)، لذلك لايمكن ان ينظر الى مضمون الرسالة الاعلامية بعيداً عن تأثير وسائل الاعلام والجمهور المتلقي . فحسب إعتقاده أن الجمهور يتأثر بالوسائل الإعلامية أكثر مما يتأثر بمضمون الرسالة الاعلامية . فالهدف من إجراء هذا البحث تقديم تفسير ل(نظرية الحتمية التكنولوجية) وتحليل فرضياتها، والإنتقادات التي تواجه فرضياتها من قبل المحلين والباحثين . و يحاول الباحثة ان يجيب عن السوؤال الرئيس : الى أي مدى كان المحللين والباحثين متفقين على فرضيات نظرية (الحتمية التكنولوجية ) وماهي الإنتقادات التي تواجه فرضياتها ؟

مفاتيح الكلمات: (النظرية، الحتمية، التكنولوجية، الإنتقادات)



Abstract:

The theory (technological determinism) is one of the fundemantal theories that were put forward five decades ago by the Canadian scientist (Marshall McLuhan), the theory had great fame in the media and communication circles, and the subject of debate and controversy among researchers and analysts throughout history. McLuhan believes that "The means of communication are simply an extension of the human senses, the means is the message, and that there are hot media and cold media, and that technological development makes the world a global village", so the content of the media message cannot be viewed independently from the influence of the media device and the receiving public. According to his belief, the audience is affected more by the means of the media meaning the device than the content of the media message. The aim of conducting this research is to provide an explanation of (the theory of technological determinism) and put forth an analysis of its hypotheses & the criticisms faced by its hypotheses by analysts and researchers. And the researcher tries to answer the main question: To what extent were the analysts and researchers in agreement on the hypotheses of (the theory of technological determinism) and what are the criticisms facing its hypotheses?